# پەراوێزخستنی ئەوەی دی جیاواز، بەرەو کوێمان دەبات؟



فرسەت سۆفی

**دەروازەیەك بۆچوونە نێو باسەکە**

**بناغەی** دیموکراتیەت لەوە دەست پێدەکات، کە کۆمەڵگە بە هەموو رەنگە جیاوازەکانی خۆی بەشداری ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی بکات، بەمانایەکی تر هیچ رەنگ و ئایدیایەك بە تەنها مۆنۆپۆلی کایەکانی ژیان نەکات.

واتە گەر دەروازەیەك هەبێت بۆ چوونە نێو کۆمەڵگای مەدەنی لەوە بەرجەستە دەبێت، کە رێزی ئەوی دی جیاواز بگیرێت و جیاوازیەکان لە رێگای هێزی مەنتق یەکلابکرێنەوە، نەك مەنتقی هێز.

بەدرێژایی مێژووی پاوانخوازی، هەمیشە مرۆڤایەتی بە قۆناغی خوێناوی دا تێپەڕ بووە، لە ماوەی 35 ساڵی دەسەلأتی بەعس لە عێراق هەموو شێوازێك لە پێناو سڕینەوەی ئەوی دی جیاواز کاری پێکرا، بەلأم خودی بیرۆکەکەی بەعس کە میراتگری فاشیەت بوو لە



بنەڕەتەوە فەشەلی هێنا بوو، بۆیە دوای رووخانی بەعس هەموو هاوکێشەکان گۆڕان و ئەو گرووپ و هێزانەی کە لەلایەن ئەو رژێمە ببوونە ئامانجی سڕینەوە، جارێکی تر بە گوڕ و ئەکتیڤیەتێکی تر هاتنەوە گۆڕەپان. کەواتە هەرگیز پێکەوەژیان مەنتقی هێز قبوڵ ناکات.

**چۆن دەتوانین لە کوردستان پێکەوە بژین؟**

پوختەی باسەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا لە کوردستان بەو هەموو رەنگە جیاوازانەی کە لە رووی پیشەیی و فکری و ئایینی و کۆمەلأیەتی، دەتوانرێ زەمینەی پێکەوە ژیانی تێدا بەرجەستە بکرێت؟ لە کاتێکدا کە کوردستان کەوتۆتە نێو جەرگەی خۆرهەلأتی ناوەڕاست و رژێمە تۆتالیتارەکانی سەدە؟ پێکەوەژیان بەو مانایەی کە من ئامادەگی ئەوەم تێدابێت، کە تۆی جیاواز بخوێنمەوە و لە بڕیاری سیاسی بەشداریت پێ بکەم. پێکەوەژیان بەو واتایە کە ئازادی تۆ ئازادی راستەقینە بێت، نەك ئەو ئازادیەی من دیاریم کردووە. ئایا لە کوردستان ئاسۆیەکی روون بۆ ئەو نەتەوانە دەستەبەر بکەین، کە کوردستانین و لەوەتەی ئێمە هەین ئەوانیش لێرە ژیاون؟ بێگومان دوای ئەم رەوشە نوێیەی هاتۆتە پێش وەلأمی ئەم پرسیارانەی سەرەوە زەرورە، بەلأم بەمەرجێك راستگۆیانە و دوور لە سۆزی نەتەوەیی و ئایدیای حزبی وەلأم بدرێنەوە.

پێکەوەژیان بەپێی تیۆری نوێی یاسای نێودەوڵەتی بنەمای پێکهاتەی نەتەوەیە، واتە دەبێ ئەو تیۆرە لەبیر خۆمان ببەینەوە، کە خوێندنەوەی بۆ نەتەوە لەسەر بنەمای خوێنە، چونکە ئەمە بە تیۆرێکی نازی و فاشی بەرتەسك هەژمار دەکرێت. بۆیە زۆر گرنگە لە پێناسەی نەتەوەیی فراوانتری بکەین و بڵێین (میللەت). پێکەوەژیانی هاوبەش بە هەموو رەنگ و ئایدیا و ئاین و پێکهاتە ئەتنیەکان بکەینە میحوەری بنەڕەتی، تا دوێنێ ئێمە ستەم دیدەی دەستی زۆرینە بووین، هەرگیز ناشێ ئێمەی ستەم لێکراوی دوێنێ، ببینەوە ستەمکاری ئەمڕۆ، ئەوەش بەوە دێتەدی کە لەپێناسەی نەتەوە تەسك بین نەبین و خوێن و ناسیۆنالیزمی توندڕەوانە نەکەینە بنەما. دەبێ ئەو راستییە هەزم بکرێت کە تورکمانێك و کلدۆئاشورێك وەك من خاوەنی ئەم ولأتەن، ئەگینا هەرگیز ناتوانین پرنسیپی پێکەوەژیان بێنینە دی.

هیچ کاتێکیش توندوتیژی و هێڵی راست و چەپ بەسەر یەکتر داهێنان ناتوانێت ناکۆکیەکان لەباوەش بگرێت و سارێژیان بکات، ئەوەی ئەو توانایەی هەیە تەنها لێك تێگەیشتن و یەکتر قبوڵ کردنە.

مایەی نیگەرانی بوو، کە ماوەیەك سیاسەتمەداران و نووسەرانی ئێمە لە میدیاکان قسەیان لەسەر ئەوە بوو، کە بنەچەی تورکمان لە بنەڕەت لە تورکیاوە هاتوون و هەندێکیشیان کوردن و خۆیان کردۆتە تورکمان، ئەمە تێڕوانینێکی نادروستە، چونکە هەرکەس ئازادە کورد بێت یان تورکمان، گرنگ لەسەر ئەم خاکە بژیت و بۆ ئاسودەیی و ئاوەدانی ئەم وڵاتە تێبکۆشێت. کاتێك مرۆڤێکی کورد مافی هەبێت ببێتە ئەندامی پەرلەمانی سوید، ئەم مرۆڤە بەپێی یاسای رەگەزنامەی ئەم وڵاتە، مافی هاوڵاتی بوونی وەرگرتووە و وەك کەسێکی سوێدی هەموو ماف و ئەرکێکی هەیە. کەواتە لەسەرتاپای جیهانی



راهێنانی نەوەی دادیێ لەسەر گیانی پێکەوە ژیان..

دیموکرات و مەدەنی، کار بەپرنسیپی پێکەوەژیانی هاوبەش دەکرێت لە سایەی ئەم پرنسیپەش دەتوانین ئایندە بەڕۆشنی بخوێنینەوە.

**پەراوێزخستنی ئایدیا جیاوازەکان**

لەگەڵ ئەوەش کە چەندین ساڵە لە میسر (ئیخوان موسلمین) بەپێی یاسا چالاکییان قەدەغەیە و رێکخراوێکی سیاسی رێگە پێ نەدراون و بەردەوامیش زیندانەکانی میسر لەسەر بیروڕای سیاسی میوانداریان دەکەن، بەڵام ئەم گروپە هەر لە بوژانەوە و بەردەوامیدان تاوای لێهات ئەمڕۆ بوونەتە دیفاکتۆ و کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لە ئەنجومەنی گەل (پەرلەمان)ی میسری، دەیان بەڵگەی تریش ئەو راستییە دەسەلمێنن، کە بەکارهێنانی توندوتیژی و پەراوێزخستن ئامانجێکیان نابێت، دەبێ ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین کە دیموکراتیەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ ئایدیا و ئۆپۆزسیۆن و ململانێی یاسایی ناواخنێکی بەتاڵە و هیچ مانایەکی نابێت.

بۆیە کوردستان بەرەنگ و ئایدیای جیاواز جوان دەبێت و رەنگە جیاوازەکان تەکانی بەرەو پێشەوەچوون دەدەنە کۆمەڵگای مەدەنی. بوونی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە و وەرگرتنی دەسەڵات لە رێگای سندوقەکانی دەنگدان زامنی داهاتوویەکی ئارام و رۆشنە بۆ نەوەکان. گەر ئۆپۆزسیۆن مەترسیەکی هەبێت لەو کاتەیە، کە تۆ بەهێز پێشبیگری و لە ئاست رێگە مەدەنیەکان و ململانێی دیموکراتی دەست کورت و هەژار بێت.

بۆ نموونە بە بۆچوونی من ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ئەو کاتە مەترسی زۆر دەبێت، کە ئێمە ئەزموونی میسر دووبارە بکەینەوە. ئەگینا لە رێگای ململانێی دیموکراتی و پێشبڕکێ لەسەر ئازادی تاك و کۆمەڵ و دامەزراندنی موئەسەساتی مەدەنی و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و داکۆکیکردن لەمافە نیشتمانی ونەتەوەییەکان هەمیشە هێزە عەلمانیەکان براوە دەبن، چونکە پێم وایە ئەم رێگە دیموکراتیانە ڤایرۆسی لاوازبوونی ئیسلامی سیاسین، ئەوان ئەوکاتە براوەن، کە رێگای مومارەسەی کاری سیاسی ئازادیان لێبگیرێت.

**دەرەنجام:**

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان زۆر بە جدی داکۆکی لەوە دەکات، کە دەبێ لە عێراقی نوێ کورد هاوڵاتی رەسەن بێت و مرۆڤی پلە دوو نەبێت، کەواتە بەرلەوەی ئێمە خۆمان ئەو مافە بۆ خۆمان بەرەوا بزانین، دەبێ خۆشمان کە زۆرینەین لە کوردستان بۆ پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان بەرەوای بزانین و تاسەر ئێسقان داکۆکی لێبکەین.

دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، کە بۆچی دەبێ لە شارۆچکەی (عەنکاوە) ژمارەیەکی زۆری دەنگ بۆ لیستی (ئەیاد عەلاوی) بدرێن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوە مافی ئازادی خۆیانە کە دەنگ بۆ کێ دەدەن، بەڵام گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، تۆ بڵێی ئێمە نەمان تۆراندبن، یان لە ئەنجامی نەبوونی دیالۆگی نێوانمان لەیەکتر، تێ نەگەیشتن دروست بووە.

کەواتە ئەو بازنەیەی کە بەبەردەوامی دەتوانێ کۆمان بکاتەوە ئەوەیە کە لە گفتوگۆ بێ ئومێد نەبین، بەتایبەتی ئێمەی کورد کە زۆرینەین، دەبێ بەردەوام هەست بەبەرپرسیاریەتی و لێبوردەیمان لە ئاستێکی بەرز دابێت.

ژمارە (5)



# بەسەرهاتی بێ پێیەکان

نەجات حەمید ئەحمەد

بەشی دووەم و کۆتایی

**بەسەرهاتی بێ پێیەکان، پێشکەشە :**
**بە هەموو ئەوانەی بڕیاریان لە دەستە و لێپرسراوێتی هەموو مرۆڤەکانی ئەم ولاتە دەگرنە دەست و بڕیار لە چارەنووس و کارو بیرکردنەوە و ژیان و گوزەران و پەروەردەکردنیان دەدەن، بە تۆش ئەی خوێنەر... ئەمە داوەتێکە بۆ بەخۆداچوونەوە، دڵنیاشم خۆت لە شوێنێکی ئەم نووسینەدا دەدۆزیەوە، ئەگەر بێ پێی، چیتر ناشێ لەو شوێنەدا بمێنیتەوە (ئەگەر پێداری دەبێ بە ویژدانی خۆت دا بچیەوە، ئەگەر بێ پێی پێداری، دەبێ پێی پیس لە کۆڵی خۆت بکەیتەوە، چونکە رۆژێک لە رێیە « حەق و حقوق ئاشکرا دەبێ »)...**

**ئەو** وانە سەیرەی رۆمانی ((گێل))ی دۆستۆفیسکی دەیخاتە بەردەستمان، ئەو حیکمەتەیە کە مرۆڤ ناتوانێ بەیەك ئاست لە بیرکردنەوە و هەڵوێست و یەك دنیابینی بژێت، مرۆڤ تەنانەت لە پێناو سەرخستنی راستی و دادپەروەری و ژیانیشدا دەبێ تۆزێك لە خراپە و تۆزێك لە فێڵ و تۆزێك لە سازشکردنی رۆژانە بخاتە نێو ئایدیالی چەسپاوی خۆیەوە، دۆستۆفیسکی هەستی بەو رەشۆکیە کۆمەلآیەتی و سیاسیە پڕ لە گەندەڵیەی نێو کۆمەڵگای رووسی کردبوو. لێرەدا بێ پێیەکان لە سیاسەتی تەشریفات و دۆستایەتی و دەمامکداری و سازشکردن و خۆ کۆنترۆڵ کردن بەرامبەر بە درۆ و ریاکاری و سیاسەتی فێڵ و تەڵەکەبازی و قۆشمەیی و ماستاوکردن و زۆر سیفاتی دیکە، کە پێویست بوو بەکاربهێنرێن بۆ سەر خستنی یەکسانی و هەڵسەنگاندن و سەرخستنی راستی، ئەوان شارەزاییەکیان تێدانەبوو، بەلآم پێدارەکان کە جادووبازی سیاسەت ببوون، لەم مەیدانەدا وەستا و دەست رەنگین بوون لە خۆنواندن وەکو مرۆڤی سەر راست و دڵسۆز و وەفادار و شۆڕشگێڕ، هونەرباز بوون لە بەکارهێنانی هەموو سیفەتێکی مرۆڤ بە چاك و خراپیەوە، ئەمەش وایکرد بەیەکجاری هورووژم بەرنە سەر بێ پێیە کەم ئەزموونەکان لەبواری ئارایشتکردنی شتەکان بەو شێوەیەی دەیانەوێت و بەمەش توانیان لە زۆر لە ناوەندە خوارەکانی دەسەلآتدا بازاڕێکی گەورەی قبووڵکردنی نەزانی پەیدابکەن. ئەم سیفەتانەی بێ پێیەکان وای کرد بێ پێ بەرگەی ئەو هێزە نەگرێ کە بڕیاردەرە لە هەموو شوێنێك، هەر بۆیە هەندێك خەسڵەتی نەویست و نەزانانەیان بەخۆوەگرت، وەکو هەڵچوونی بەپەلە، هەڵوێست وەرگرتنی بێ هوودە و نەزانانە، جیاوازی نەکردن لە نێوان بیری نیشتمانی و دوورخستنەوەی ئەو بیرە لە نەشکاندنی پیرۆزی و بایەخی ئەو بیرە بۆ ئێستا و ئایندەمان، هەروەها دابڕانێکی قووڵ کەوتە نێو کارەکانی ئەو بیرە بۆ ئێستا و ئایندەمان، پێدارەکان تەنانەت چاویان بەرایی نەدەدا یەك بێ پێ ببینن، کە پۆستێك لە دەزگایەکدا بگرێتە دەست، چاویان لە ئاست بێ پێیەکاندا کوێر دەبوو، ئەوەندەی بیریان لە مەترسی بێ پێیەکان دەکردەوە، ئەوەندە بیریان لە کارەکانیان نەدەکردەوە، بەمەش دابڕانی خۆبەخۆیی هاتەکایەوە. بەلآم ئاخۆ ئەم دابڕانە خۆبەخۆییە کاریگەریی چی بوو بەسەر کاری رۆشنبیریەوە لە کوردستاندا و ئەمڕۆکەش هەندێك کاریگەری هەیە، نەك تەنها لە رۆشنبیریدا بەڵکو لە کۆی دام و دەزگاکاندا و چۆن رەنگدانەوەی خراپی گەندەڵی و زوڵم و پەراوێزکردنی کۆمەلآیەتیی بەدواوە هات؟

ئەو سیفاتانەی بێ پێ هەڵیان دەگرێ، لەسەداسەد ناتوانن یاخود توانای ئەوەیان نابێ بەو عەقڵیەتەوە مامەڵە و شارەزاییەکی چاکیان پێ ببەخشێ لە بواری پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتی و چارەسەرکردنی گرفتەکاندا، چونکە بێ پێیەکان لە ژێر کۆمەڵێك کاریگەریی دەروونی و عەقڵی پەروەردەکاری و تایبەتمەندێتیەوە بوون، ئەوان گیانێکیان لە جەستەدایە کە شەکەت و ماندووە لە بەرگە گرتنی هەموو پێدارەکانی ناو کۆمەڵگە و گەندەڵیەکانیان، کاتێك ئەوان دەستیان لە هیچ گۆڕانکارییەکدا نابێ و پەراوێز دەبن، گیانی دابڕان و کێشەکردن و گرفت و هەڵوێستی ناخۆشی بەرەو روویان دەبنەوە، کە پێویستیی بە حیکمەت و بیرکردنەوە هەیە، زۆربەی ئەو کێشانەی کە لەنێو دام و دەزگاکان و نێوەندە رۆشنبیریەکاندا هەبووە، پەیوەندیی بە جیاوازیی مامەڵە لەگەڵ یەککردن و قەبووڵکردنی یەکترەوە هەبووە، واتە پەیوەندی بە تێڕوانینی کەسەکانەوە هەبووە بۆ یەکتری و جیاوازیەکان پەیوەندیان بە رۆشنبیریەوە نەبووە، لەوانەیە هۆیەکی ئەم دابڕانە پەیوەست بێ بە دابڕانێکی دیکەوە کە پەوەندی بە چۆنیەتی سوود وەرگرتنی دەسەلآتەوە هەبێ، لە توانای رۆشنبیران و چۆنیەتی رووبەڕوو بوونەوەی دەسەلآت لەگەڵ گەندەڵیدا، لەم رووەوە هەر دەسەلآتێك کە لە خەمی دامەزراندنی دام و دەزگاکانیدایە ئەگەر بێتو هەڵسەنگاندنێکی ورد و بێ لایەن و زانستیانەی پێ نەبێ بۆ دیاریکردن، پاشانیش بایەخ پێدانی رۆشنبیران لەسەر بناغەی داهێنان و تازەکردنەوە، بێگومان جۆرێك لە نایەکسانی و نەزانی و بەخراپ دیاریکردنی رۆشنبیرانی لێدەکەوێتەوە لە مەسەلەی دانانیان لەو شوێنانەی کە دەتوانن داهێنانیان تێدابکەن، رووەکەی ئەم مەسەلەیە لەوێوەیە دەسەلآت دەیەوێ و دەیەویست زۆرترین ژمارە لە رۆشنبیران لەنێو دام و دەزگاکانی خۆیدا ببینێ، بەداخەوە ئەو جیهانەی یا ئەو گەردوونەی رۆشنبیری، کە لە پێش سالآنی راپەرین زاڵ مابوو، راپەڕین نووسەران و رۆشنبیرانی لە گوشار و ئابلوقەدانی رژێمی دیکتاتۆری رزگارکرد، بەلآم بیری خزمەت کردن و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی دەسەلآتی کورد، ئامانجی سەرەکیی پێدارەکان نەبوو، چونکە زۆر لەو پێدارانە، لە سەردەمی رژێمدا بیری خزمەتکردنی دەسەلآتیان کردبووە هۆیەك، بۆ بازرگانی کردن بە رۆشنبیری و مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەییەوە، هەر بۆیە بەهەمان شێوازی کارکردنەوە ئەو پێدارانە کاتێك کاروباری رۆشنبیری کوردیان گرتە دەست، لەو دام و



بێ پێیەکان.. ئەوانەی کە لە ڕۆیشتن وەستاون..

دەزگایانەدا کاریان دەکرد، پێدارەکان بێگومان هۆکاری سەرەکی گەندەڵی بوون، تەنانەت هەندێکیان واتە پێدارەکان کە لە دەرەوەی دام و دەزگاکانیشدا بوون سوودیان لە گەندەڵیی پێدارەکانی ناو دام و دەزگاکان وەردەگرت، دەسەڵات هەرچەندە بەو گەندەڵیانەی دەزانی و ئاگاداربوو، کە زۆرجار بێ پێیەکان دەورێکی چاکیان لە ئاشکراکردنی گەندەڵیەکانی پێدارەکاندا هەبوو، بەبێ بایەخی گوێ نەدانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکرا، چونکە ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو، هەر ئەوەبوو کە لەپێناوی بەردەوامیدان بەکاری دام و دەزگاکان، دەبوایە زۆر بواری گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و چاونووقاندن لە ئاست گەندەڵی و زۆر مەسەلەی دیکە بەلاوەبنێ و بەلایەوە گرنگیەکی وای نەبێ، ئەمەش وایکرد دەستی پێدارەکان زیاتر بکرێتەوە و بەنێو چەوانی بێ پێیەکانیاندا بکێشن، بێ پێیەکان بەگشتی لە نێوان بێهوودەیی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و نەزانی و لەنێو خۆخواردنەوە و پەراوێزبوون، نەیان توانی هیچ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر بیرکردنەوەی دەسەڵات و پێدارەکان هەبێ، بۆیە ئەوان لەوکاتەی لە هەموو پۆستەکانی دەسەڵات جێگیرکرابوون لەنێوان پێدارەکاندا، کاتێك گۆڕانکاری لە ڕۆشنبیری و دام و دەزگاکاندا مانای لابردنی پێدارێك بوو لە پۆستێکەوە بۆ پۆستێکی دیکە، زۆر جاریش لەبەر تەشەنەسەندنی زێدەڕۆیی هەندێك پێدارەوە لە شوێنی خۆیان لادەبران و دەبرانە شوێنێکی لەوەی پێشوو چاکتر، کە زۆر جاریش داهێنان دەکرا لە دۆزینەوەی پۆستی خەیاڵی و بێ کار و تەنها بەخشینی نازناوی سەیر، بەو پێدارانەی کە گەندەڵیەکانیان لەکاسە دەڕژا، بەرامبەر بەمەش بێ پێیەکان لە دەرەوەی هەر هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەك ئەوان خۆیان لە دەزگایەکەوە دەچوونە دەزگایەکی دیکە و سەر لەنوێ لە سفرەوە لەو دەزگا نوێیەدا کاریان دەکرد، کە ئەمەش بە بارێکی سلبی و نەگونجاو کەوتنەوە، زۆر بەداخەوە ئەو بێ پێیانەی کە خاوەن ئەزموون و سیاسەتباز و فێڵباز نەبوون کاتێك وا هەڵدەکەوت پۆستێك یا شوێنێکی گرنگیان پێ بدرێ، یاخود لە سەرچاوەی بڕیارەوە ئەو بڕیارە پووچەڵ دەکرایەوە یاخود بەخشینی ئەو پۆستە داوێکی مین ڕێژکراو بوو کە بەووردی چاودێری جم و جۆڵ و گوتەو هەڵس و کەوت و هەڵەکانی ئەو بێ پێیە دەکرا، تاکو خاڵی لاواز و گرفتاری و هەڵەیەکی ئەو بێ پێیەیان دەدۆزیەوە و دەیانگەیاندە شوێنی بڕیار، بەمەش بێ پێ بەڕیسوایی و سەرکۆنەکردنەوە لە شوێنەکەی لادەبرا و ئەمەش شکستێکی گەورەبوو بۆ ئەو بێ پێیانەی کە نەیان توانی بەرگەی فێڵ و داوی پێدارەکان بگرن، چونکە ئەوان سروشتیان بەو جۆرەیە کە تاقی کردنەوەی زۆریان نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ لێپرسراوان، بێ پێ ئەگەر چاکترین و گەورەترین داهێنان و کاری بۆ دەسەڵات بکردایە کەس پێی نەدەزانی و کەس ئاگای لەوەنەبوو، بەمەش تووشی بێ ئومێدی و بێ هیوابوون دەبوو، چونکە ئەو لە بارودۆخێکی هەڵسەنگاندنی نالەبار و ناسروشتیدا لەوکاتەی پێدار دەیتوانی بە ئاسانی مێشوولەیەك بکاتە گایەك، بێ پێ زۆرجار گایەکەی لێدەکرایە مێشوولەیەك، بەڵکو چەندین پڕوپاگەندە و هەڵبەستی ناڕەوشتی بەسەردا دەکرا بۆ ئارایشتکردن و سووککردنی کارەکان، بێ پێ هەرچەندە لە باوەڕیدا نییە کە لە بەری ڕەنجی خۆی زیاتر بخوا، بەڵام بەداخەوە بەبەری ئەو ڕەنجەشی نەدەگەیشت، سەرباری ئەمەش بەبەری ڕەنج و قوربانی دان و لێبوردەیی خۆشی شاد نەدەبوو، ناوی ئەو لە هیچ ئیمتیازێکی دام و دەزگاکاندا نەبوو، یاخود لە پاشی پاشەوەی هەموو ناوەکاندا بووە، ئەم جۆرە تێڕوانین و مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕۆشنبیریدا، لەگەڵ دام و دەزگاکاندا، لەگەڵ هەموو پێکهاتەی بەڕێوەبردن لە ولاتەکەماندا، کاتێکی زۆر و بیرکردنەوەیەکی زۆر و گرفتێکی زۆری بەفیڕۆدا، توانایەکی زۆری پێدار و بێ پێشی بەفیڕۆدا و وای کرد کولتورێکی ناوێز و ناگزوور و تراژیدی باڵ بەسەر هەموو کارەکاندا بکرێ، ئەو کولتوورەی بارودۆخی دام و دەزگاکانی بەشێوەیەك خستە ڕوو، کە نەك تەنها ئەو کێشانە و ئەو گرفتانە بیان گرێتەوە، بەڵکو لە زۆر دام و دەزگاکاندا مامەڵەی توندوتیژ و بێ ڕێزی و دواخستنی کاروباری خەڵکی ببێتە کولتورێکی باو، هەموو کارو پۆستێك لە ڕوانگەی مووچە و دەسکەوتەوە سەیر دەکرا، خاوەن کار تەنها بیری لەلای ئەو مەسەلە ژیاریانەدا بوو، ئەمەش بزرکردنی پرسیارێکی بناغەیی و گەوهەری بوو، کە چارەنووسی ئێمە و داهاتوومانی پێوە بەندبوو، کە ئەویش ئەوەیە بۆ ئەو ڕۆژگارانەی تیایدا دەژیاین و دەژین چی پێویستە و چۆن بەرەورووی گرفتە ڕاستەقینەکانی ولاتەکەمان بینەوە و چۆن بۆ ئاواکردنی کوردستان و بەرەو پێشبردنی دەسەڵاتی مەدەنی و ڕۆشنبیری ئامانجدار و نوێکار بکەین و لێپرسراوێتی ڕۆشنبیری و کارگێڕی مرۆڤی کوردیش لە کوێدایە؟ ئەم لایەنە بە چاوێکەوە تێی دەڕوانرا وەکو ئەوەی مرۆڤی کورد بیەوێ قەرەبووی هەموو ڕابوردووی خۆی بکاتەوە، لە ڕوانگەیەکی تاکەکەسی و بەرژەوەندی خوازەوە، وەکو ئەوەی گەیشتینە زەمەنێك ئیتر کێشەمان نەمابێ و ئەم بێ کێشەبوونەش دەرفەتێك بێ بۆ ئەوجۆرە بیرکردنەوەیە، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەی ئەو کەسانەبوون کە لە شوێنی لێپرسراوێتیدا بوون و کاروباری ئەم ولاتەیان گرتە دەست، هەروەها بڕیاری سامان و کاری خەڵکان کەوتنە ژێر دەستیان. ئەم کولتوورە بەتەواوی ڕەگی داکوتاوە و پێویست دەکات بە پلانێکی حەکیمانە و دادپەروەرانە لە ڕەگەوە بنەبڕ بکرێ، چونکە هەر کولتورە سەرەتاییەکەی پێش ڕاپەڕین بوو، وای کرد ماناکان و ڕەنگدانەوە و ماکەکانی بەرەوفراوان بوونەوە بێ و ببێتە کولتورێکی مامەڵە لەگەڵ کردنی فرە لایەن، بۆ نموونە گەندەڵی تەنها لە تالانیی پارە و سامانی ولاتەوە نەبوو، تەنها لە بەفیڕۆدانی تواناکانەوە نەبوو، تەنها لە فرۆشتنی جەستە و دەلالی جەستەوە نەبوو، بەڵکو مەترسی ئەم کولتورە لەوێدابوو کە بووە کولتورێکی مشەخۆری پاشەکشێ پێهێنەر، بۆ هەموو ئەو قوربانیدان و ماندووبوونانەی سەرکردایەتی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوودا کێشای، هەروەها بزرکردنی باوەڕی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی و خۆبەختکردن بوو لە پێناو کوردستاندا، باوەڕی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی کولتورێکی شاخ نەبوو، بەڵکو کولتورێکی مێژوویی

## کولتوری نوێی دوای ڕاپەڕین، کاریگەری روخێنەری لەسەر هەستە نیشتمانیەکانی مرۆڤی کورد هەبووە.

گەلی کوردبوو بەرامبەر بە کولتوری داگیرکەران و داسەپاندنی، کە دەبوایە ئەو کولتوورە وەکو باوەڕێکی پیرۆز لە عەقڵیەتی سەرجەم مرۆڤی کوردەوە رەنگ بداتەوە، چونکە هەمیشە ئەو کولتوورە وەلامێك بوو بۆ هەموو خەبات و کارەسات و مەینەتیەکانی کورد لە ساڵانی رابردوودا، هەر ئەو کولتورەش بوو کە ئێمەی کوردی وەکو خاوەن ماف و وەکو گەلێکی مرۆڤایەتی خواز و دیموکرات و خۆبەختکەر و ئازادی پەرست و نیشتمان پەروەر دەنواند، کاتێك بە بیانووی رستەی ((سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی بە سەرچوون)) لە سەر زمانی زۆر پێدارەکانەوە بووە پاساوێك بۆ لەناوبردنی ئەو باوەڕانە، ئیتر بیری کارکردن و خۆماندووکردن و خۆبەختکردن لە پێناو نیشتمان و هەموو ماناکانی دیکەی کولتورەکەمان پێگە و شوێنی گرنگی خۆیان بزرکرد و چیتر ئەو مانایانە نەبوونە ئایدیالی سەرەکی بیرکردنەوەی تاکەکان، تەنها لە حاڵەتی هەستکردن بە مەترسیەکی گەورە نەبێ، کە بۆی هەبێ کوردستان بخاتە مەترسیەوە، بەرامبەر بەم جیهانبینیەی زۆر لە پێدارەکان، بێ پێیەکان بەوە ئازاریان دەچێشت کە ئەو باوەڕانەی ئەوان هەموو ژیانیانی دەنواند، بەم شێوەیە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن لە ناوەندەکانی کار و رۆشنبیری کوردی، گەوهەرەکەش لەوێوەبوو ئێمە چۆن دەتوانین داکۆکی لە یەکسانی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و یەك رێزی بکەین و لەوکاتەی هەر خۆمان ئەو باوەڕانەمان لە ژیانی خۆماندا ژێر پێ خست؟! بەلام بەداخەوە بێ پێیەکان ئەو کەلەبەرەی لە ئەزموونی کار و نووسینیاندا هەیان بوو، نەیانتوانی لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا بەتەواوی و بەشێوازێکی نوێ رووبەروویان ببنەوە، دەشێ کولتوری روخاندن لە جیاتی هەڵنان، پشت تێکردن لە جیاتی رووبەروو بوونەوە، توندوتیژی لە نووسین لە جیاتی بەسیاسیکردنی رەخنەییانەی نووسین، زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەی زۆرینەی بێ پێیەکان، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی جۆرێکی دیکە لە پێدار کە دەتوانین بە زاراوەی ((بێ پێی پێدار)) ناویان ببەین، ئەمانە ئەو کەسانەبوون کە لە دەرەنجامی گوشارێکی زۆری سیاسەتی پێدارەکان و باری ژیان و بیرکردنەوەیاندا، نەیان توانی تاکو سەر هیچ نەبێ داکۆکی لەو جیهانە پاك و سادە و دڵسۆزەی خۆیان بکەن، ئەوان بۆیان دەرکەوت لەم وڵاتە لە دانپێدانان بە داهێنان و دڵسۆزی و پاکوخاوێنی بێ بەشبوون، لەم وڵاتەی کە کوردستانە وروژاندن و جوێندان و داشۆرین و سووکایەتی پێکردن باشترین رەواجی هەیە، زۆر لە بێ پێیەکان کە بوونە ((بێ پێی پێدار)) لەوە گەیشتن بۆئەوەی بەری رەنج و داهێنانت بخۆیت و پەراوێز نەکرێی و حسێبت بۆ بکرێ و ناوت لە لیستە تایبەتیەکاندا هەبێ و زۆر لە لێپرسراوان بەدوواتدا بنێرن، دوو رێگەت لەبەر دەمە کە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێری، یەکەمیان ئەوەیە گەر سیاسەتی پێدارەکان نەگریتە بەر هەتا هەتایە داهێنەر بیت هیچ لە ژیانت ناگۆڕێ، سەیرەکە لەوێدا کە زۆر لە بێ پێیەکان ناشارەزا و بێ ئەزموون لەم سیاسەتە لەگەڵ یەکەمین هەوڵیاندا پێیان دەخلیسکا و دەکەوتن و ئەوەندەی دی دەکەوتنە باری پەراوێز بوونەوە، بەلام چینێك لە بێ پێیەکان کە بوونە پێدار لەو راستیە گەیشتن، دوور لە دام و دەزگاکان و بەرێوەبەرایەتییەکان چۆن دەتوانن زۆر لە کەسانی بریار لەدەست قۆرخ بکەن، ئەوانە سیاسەتی قۆرخکردنی خودی ئازادیی دەربڕینیان گرتە بەر، کە هەندێك لە رۆژنامەکانی ناوەوەی کوردستان و هەندێك لە سایتەکانی ئەنتەرنێتیان بەکارهێنا بۆ هێرش کردنە سەر ئەو کەسانە، سەیرەکە لەوێدابوو هەموو وروژاندنێك بە بڵێسەیەکی ئاگرەوە هەڵی دەکردو بە تنۆکێك ئاو دەکوژایەوە و خامۆش دەبوو، پاشان دەمانبیست کە چەندێك ئیمتیازات و پارەی وەرگرتووە، دەسەڵاتی کورد کاتێك ئەم سیاسەتەی دەگرتە بەر لەبەر چەند هۆیەك بوو، لەلایەکەوە بۆ دەم کوتکردنی ئەو کەسانە بوو، لەلایەکی دیکەوە بۆ بەخشینی دەرفەتێك بوو بۆ ئەو بێ پێیانەی بەرگی خۆیان وەکو حەربا دەگۆڕی، بەڵکو بەشداربن لە بارودۆخی سیاسی کورد، هەروەها هاندانی رەخنەی بنیات نەریش، بەلام ئەم چارەسەرکردنە هەرچەندە لۆژیکێکی کاریگەر و یەك لاکەرەوەی دەنواند، بەلام لە خزمەتی باری رۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا نەبوو، چونکە کولتوری ئیبتیزازی هێنایە نێو ئەو رۆشنبیریەوە، کە پێدارەکان دەورێکی چاکیان بینی لە هاندان و بە پشت پەردەکردنی ئەو بێ پێیانەی ئامادەبوون لە پێستی خۆیان دەرچن تاکو دەورێکیان هەبێ.

کولتوری ((ئیبتیزاز)) کولتورێکی نوێی دوای راپەڕین بوو، کاریگەرییەکی روخێنەری هەبوو لەسەر هەستە نیشتمانیەکانی مرۆڤی کورد، ئەو کولتوورەی بە پەلە تەشەنەی سەند و خۆی خزاندە نێو زۆر لە بوارەکانی ژیانمانەوە، ئەو کولتورەی لاوازی و کەم و کوری و تەنانەت مەینەتی و کارەسات و مێژوومانیشی خستە نێو تای تەرازووەکانی بازرگانی کردنەوە، لە ناوەندەکانی راگەیاندن و رۆشنبیری و دام و دەزگاکانی رۆشنبیری و رۆژنامە حزبیەکاندا جەنگێکی پڕ لە ئاگر راگەیەنرا دژ بەو لێپرسراو و کاربەدەست و بریاربەدەستە پێدارانەی کە دەتگووت لەسەر بۆڕیی نەوت دانیشتوون و بەراست و بە چەپ پاداشت و پارەیان بەسەر ئەو بێ(پێی _ پێدارنە)دا تەخشان پەخشان دەکرد، تاکو جلەوی زمانیان بکەن و پەندی پێشینانی ((ئاگرە سوورە، لە خۆم دوورە)) بکەنە ئایدیالێکی نوێ، کە وای لێبکات لە گوڵ کاڵتری پێ نەگوترێ، ئەوەی پەرێزی خاوێن بێ نە لەزمان و نە لە شمشێری کەس ناترسێ، ئەمەش وای لە زۆر لە بێ پێیەکان کرد، بە تایبەتی ئەوانەی نزیکبوون لە سەرچاوەکانی بریار بەدەستانەوە، بە تەواوەتی لەم کەین و بەینە بگەن، زۆر لەو پێدارانەی دژایەتی ئەزموون و خەبات و قوربانی دانی کەسانی مەزنی نێو مێژووەکەمانیان دەکرد، دووربوون لە هەموو پرۆسەکانی بنیات نانەوە، کە بەراستی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەبەرنامەیەکی حەکیمانەوە کاریان بۆ دەکرد وبەرنامەیان بۆ دادەڕشت و ژمارەیەکی زۆر لە (بێ پێی) دڵسۆز و پێشمەرگە کاریان لەم بنیات نانەوەیەی کەسایەتی و خاکی کوردستاندا کرد. ئەو پێدارانە لە پرێکدا

ڕێزێکی وایان لێگیرا و ژیانیان بە جۆرێك ڕێکخرا، کە بێ پێیەکان ئەوانەی هەموو ژیانیان لە کوردایەتیدا بردەسەر، بەخەونیش باوەڕیان بەوە نەدەکرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەنە نیوەی ئەو ڕێز و ژیانە، ئاخر دەستە بژێرێکی مێژوویی، کە خاوەنی گەورەترین و مەزەنترین مێژووی خەبات و قوربانیدان بێت، دەبێ ئەو کولتوورەی کە لە باوەڕی پێشمەرگایەتیەوە پەیدابوو، ئاوا بەسووك و ئاسانی سیاسەتی ((ئیبتیزان)) شوێنی خۆی تێدانەکاتەوە، لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا، مرۆڤ مافی خۆیەتی بەری ڕەنج و ماندووبوونی بڕنێتەوە، زۆریی و کەمیی ئەو بەرهەمە بەقەد کارە نەك بەقەد تێکدان و ئاژاوە و سووکایەتی پێکردن و وروژاندن، چونکە مرۆڤ لە دوای هەموو شتێك تەنها کارەکەی دەمێنێتەوە، بەڵێ ئەو پێدارانەی بێ پێ بوون و سیاسەتی ئیبتیزازیان گرتە بەر سوودمەند و خۆشگوزەران بوون، بەڵام خیانەتیان لە ڕۆژگار و تەمەن و بیرکردنەوە و ساڵانی چەوسانەوە و نەبوونی و ماندووبوونی خۆیان کرد، ژیانیان بووە پارچەیەك لە گوێنەدان و زەلیلی، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەوەوە نییە ئەمڕۆ چۆن دەژین و دوێنێ چۆن دەژیان، ئەوان وەکو مرۆڤ مافی خۆیانە هەر چۆنێك بژین، چونکە لە کۆتاییدا (پێدار و بێ پێ) کەسانێکن بەر زوڵمی ڕۆژگار کەوتوون و ڕۆژگاریش وای لێیان کرد دوو کەسایەتییان لێ دروست بێت، بەڵام مەسەلەکە پەیوەندیی بە یاریکردنەوە هەیە بە ئازار و گرفتی گەلێك و خیانەتکردن لە باوەڕ و بیرکردنەوە، لێرەشدا هەروەها مەسەلەکە پەیوەندیی بە گۆڕینی جیهان بینی و هەڵوێست گۆڕینەوە نییە، بەڵکو بە مەزادکردنی هەڵوێست و دنیابینی و چۆنیەتی بازرگانی کردنە بە ئازار ، مەترسیترین ماکی ئەم بارودۆخەش لەوێدابوو کە عەقڵیەت و هونەرێکی ئیبتیزاز بەرەو زۆر لە دامەزراوەکانی حکومەت تەشەنەی سەند، پڕۆژە و سووتەمەنی و خۆراك و بازاڕ و موزایەدەکانن بوونە دەرفەتێك لە بارودۆخێکی سەقامگیرنەبووی ئابووریدا، کە خەڵکی تێ بچەوسێندرێتەوە، زەوی و زار و بەرهەم و بازرگانی کردن بە هونەرەوە قۆرخدەکران، درۆکردن و سیاسەتی گەمەکردن بە پێداویستی ژیانی خەڵکی، تەنانەت بە مەینەتیی ئاوارەکراو و زوڵم لێکراو و کەسانی بێ کەس و بێ پەنا بووە دیاردەیەکی باو، پێشبڕکێی حزب و دەسەڵاتەکانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی بێ ئاگابوون لە کوردستان و دەهاتنەوە کوردستان، گەیشتە ترۆپکی گەندەڵی و تەڵەکەبازی و فرت و فێڵکردن لە دەسەڵات، بەفیڕۆدانی داهات و سامانی وڵات بووە کولتورێکی باو، تاکو وای لێهات کارکردن و ماندووبوون و خەم خۆری لەم وڵاتەدا بووە شوێنی گاڵتەجاڕی و نەزانی، هەروەها ئەو کەسانەی کە ئەم باوەڕانەشیان هەبوو بوونە شوێنی گاڵتە پێکردن و سووکایەتی پێکردن، چونکە ئەوانیان بە فاشیل و دۆڕاو دادەنا و خۆیان بە براوە دادەنا، پەندی ((کوڕ ئەو کوڕەیە ڕێکەوت لە دەست نەدات)) بووە بناغەی سەرکەوتن لە هەر کارێك، کەسانێکی پێداری بێ باوەڕ و ناخ پیس لە کۆشکە بەرزەکانیانەوە باسی دادپەروەری و هونەر و ڕەوشتیان دەکرد، بێ پێیەکانیش هەموو سەرە مانگێك لە نەبوونی و نەداریدا چاوەڕێی ((چەلاوێکیان دەکرد)) (کە مەبەست پاداشتی کەم نرخ و بێ بەهای داهێنانەکانیان)، ژیان گۆڕانی بەسەردا هات، نووسەر و ڕۆشنبیران و خەڵکی تاڕادەیەکی چاك لە مەینەتی نەبوونی و هەژاری و ڕاوەدوونانی دەروونی ڕزگارییان بوو، ئێستا وەکو هەر مرۆڤێك دەتوانن بژێن، بەڵام هەمیشە ئەوان لەژێرەوەی بڕیار و بەرنامە و تێڕوانینی پێدارەکانەوەن، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەکەمان نە کۆمەڵگەیەکە کە تاك ئامانجی بێ و نەدەتوانین بڵێین کۆیەکی بە



پێیەکان کە دەبن بە بەرد، ژیان دەبێتە کوتلەیەکی وەستاو

سیستەم کراوین.

دە ئەی ئەو هێز بەدەستانەی کە ئێوەن بەرپرسیار بەرامبەر بە ڕێباز، دەستی مێژو و باسکەکانتانی لێ هەڵکەن و مەترسن، ئەوەی خەڵك و مرۆڤی ئەم نەتەوەیە دەکاتە پشتگیر و پاڵپشتی ئێوە، نەداهێنان و نە ڕەوشت و بیرکردنەوەی پێدارەکانە، بەڵکو گەوهەری ئەو مێژووەیە کە تاکو ئەمڕۆ ئەم نەتەوەیە دەپارێزێ و دەیهێڵێتەوە و لە کەوتن دەیپەڕێنێتەوە، مەترسن چونکە ئەو هێزە هێزی ئەو بێ پێیە بێ ئەژمارانەن و چاوەڕوانی دادپەروەریی ئێوەن و پاڵپشتی ئێوەن، فریامان کەون ئەی هەڵگرانی ئەو هێزانە، لە چەوساندنەوەی دەروونی و دزینی ماندووبوونمان و سیاسەتی پەراوێزکردنی پێدارەکان و نان پێوەخواردنمان، دە سەیری دەورووبەری خۆتان کەن، خەریکە لە ماڵ و نان و جادە و مرۆڤایەتیمان دەردەکرێین و پێدارەکان هیچ شوێنێکیان بۆمان نەهێشتەوە، مەترسن چونکە مێژوو و نەتەوەیەکی بێ پێ لە پشتیانەو گەوهەر چەندێکێك کەم و هەڵبژێردراو بێ قەتا و قەت شکست ناهێنێ، ئاخر ئەگەر هەموو بووینە پێدار و تەنها خۆمان بینی، ئیتر پێشمەرگە و باوەڕەکەی شوێنی لەم وڵاتەدا نامێنێتەوە، فریامان کەون خەریکە گومرگ و دزیکردن دەخرێتەوە سەر هەوا و هەناسەدانیشەوە، گەر باسکی لێهەڵ نەکەن، ئیتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جووتیارەکان زەویەکانیان لە دەست دەدەن و دەبینە وڵاتێکی بخۆری بێ بەرهەم، گەر باسکی لێهەڵ نەکەن ئیتر ئەوانەی شەهیدی زیندوون قەت چاویان بە وڵاتیان گەش نابێتەوە، لاوەکانمان لە هەڕەتی گەنجێتیان پیر دەبن و چیتر نیشتمان لەناوەوەیاندا شوێنی نابێتەوە، گەر باسکی لێ هەڵ نەکەن ئەو شەتڵانەی چێندران چیتر ئاو نادرێنەوە، ئەو منداڵانەی لەنێو شەقام و کۆڵانەکاندا قوتووی بیبسی کۆدەکەنەوە و عەلاگە دەفرۆشن، چیتر بۆ سۆزی دایك و باوك و قوتابخانەکانیان ناگەڕێنەوە، ئاخر ئەو ملیۆن و ملیۆنەها دۆلارانەی بۆ پۆستەر و دروشمی نەزانانە سەرفدەکرێن، چیتر چرای ماڵێك ڕووناك ناکەنەوە نەك عەقڵێك! تەرازووی یاسایەك (کە خۆمان بۆ خۆمان داناوە) بکەنە پێوەر و ئەو خۆی شەرحی حاڵی خۆی و دادپەروەریی خۆی دەکا، هەر (دەبێ حەق و حقوق ئاشکرابێ)).

# مێژووی کۆیلایەتی و جومبوشی کۆیلایەتی نوێ لە کوردستان

بارزان شوان



**کۆیلە** ئەو مرۆڤەیە، کە بە بێ ویست و خواستی خۆی، هەموو ژیانی بۆخزمەتی خەڵکانێکی سەرمایەدار و دەستەڵاتدار تەرخان کردبێت، ئەم دیاردەیە بۆ رۆژانی زۆر کۆنی سەر بە مێژووی ناسراوی مرۆڤایەتییەوە دەگەڕێتەوە، واتە هەر لە کاتی هاتنی فیرعەونەکانی میسر و هەموو ئیمپراتورە سەر بە ناوچە ناسراوەکانی میسوپۆتامیا سەری هەڵهێناوە، وەك ئیمپراتورە سۆمەری و بابلی وکلدانی و گۆتی وساسانیەکان، دروستکردنی ئەو سێ ئەهرامە بەرزەی میسر و باخچە هەڵواسراوەکەی بابل و دیوارە دوور و درێژەکەی چین، نموونەیەکی زەقن لە مێژوودا کە بە ماسوولکەی کۆیلەکان هەڵچنراون، هەردەم ژمارەی ئەم کۆیلانە لە زیاد بووندا بوون و لە هەر شەڕێکدا سەدەها کۆیلەی نوێ ناونووس کراون، کە لە پاشەڕۆژدا دەبوونە قوربانی بۆ جەنگە بەرپابووەکانی نێوان دەوڵەتە دەستەڵاتدارەکان، زۆربەی زۆری پیاوە کۆیلەکان لەم پێکدادانەدا سەری خۆیان ون دەکرد و دەکوژران، هەرچی ژنە کۆیلەکانیش بوون لە کاتی هەر تالأنییەکدا بە دیل دەگیران ، ئەوانە دەبوونە خزمەتکاری رۆژانەی داگیرکەران و لە نێو بازاڕە بەڕەڵاکاندا دەکڕدران و دەفرۆشران، کیژە جوانە کۆیلەکانیش شەوانە دەبوون بە جێ گەرمی خاوەن پارە و ئاڵتونەکان، بە سەما و شایی شەوگاری درێژی دەسەلأتدارانیان پێ گەرم وخرۆش دەکردن.

بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە کۆیلە بوون لەو رۆژەوە دەست نیشانکراوە کە داگیرکەران زۆربەی ناوچەکانی ئەفریکایان خستۆتە ژێر رکێفی خۆوە، پێست سپیەکان بە هۆی پێشکەوتنی تەکنیکی ئەو سەردەمە و زیرەکی هۆشەوە، توانیان دەسەلأت بەسەر زۆربەی ناوچە و میللەتانی ئەفریکا دا بگرن و سوودیان لێ وەبگرن، لە پاشاندا زۆربەی زۆری پیاوەکانیان بەرەوئەمریکای باکوور گواستوونەتەوەو وەك کرێکاری خەرج بەلاش بەکاریان بردوون، هەر لەو روانگایەدا و لەگەڵ پێشڤە چوونی باری ئابووری رۆژگار، خاوەن فابریکەکان زیاتر پێویستیان بەم گرووپانە بووە، هەربۆیە دەست کرا بەگرتن و فرۆشتنی ئەو پێست ڕەشانە لە وڵاتانی ئەفریکا، دوا بە دوای ئەوێش پێست سپیەکان بەرەوئەمریکای باشوور کشان و پێست سوورەکانیشیان کردن بە کۆیلە.

ئەم بازرگانییە پەرەی سەند و نرخی ئەم کۆیلانەش رۆژ بە رۆژ لە بەرزبوونەوە دابوو، بۆیە بازرگانەکان بیریان لە گرتن و گواستنەوەی کچان و ژنان کردەوە، تا بتوانن بۆ زاوزێ کردن لە نێوان پیاوە کۆیلە کۆنەکان و ئەم ژنە تازە بە دیل گیراوانەدا بەکاریان بێنن، جا لەو سەردەمەدا ئەم بازرگانی بە کۆیلە کردنە بە یەکێك لە هەرە بازرگانییە باشەکان دەژمێردرا، بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەیەکی باش لە ماوەیەکی کورتی دیاری کراودا، لە بەر ئەوەی گواستنەوەی بە بەردەوامی کۆیلە. پیاوان لە کەمی دەهات و کاری هاتووچۆ و، بەتایبەتی کە گواستنەوەشیان هەم ترسناك بوو، هەم پارەی رێگا و خەرجی زۆری تێ دەچوو، بۆیە بازرگانان بە زۆری گواستنەوەی ژنانی کۆیلەیان لا پەسەند تر بوو.

ئەم تێڕوانین و بە ڕواڵەت رووداوە مێژووییە بۆ مرۆڤی هۆشمەندی ئەمڕۆ زۆر ناپەسەند و سەختە بتوانێت لە لایەکەوە دان بەو رووداوە مێژوویە بێنێ و لە لایەکی تریشەوە بتوانێت هەڵیسەنگێنێت، چونکە هزری بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، ئەم جۆرە لە خشتەبردنی کۆمەلأیەتی و ناپەسەندیە بە قەبوڵ وەرناگرێت، بەڵکو فەرهەنگی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمە ناتوانێت باوەڕ بەم سیسەتەمە نامرۆڤایەتیە بکات، بە پێچەوانەوە ئەمڕۆ خەڵکان داوای ماف بۆ هەموو تاك و کەسێك و نەتەوەیەك دەکەن و خواستی ئاشتی هەمیشەیی بۆ هەموو گەلانی جیهان دەخوازن.

کاتێك مرۆڤ بە ووردی بیر لە ئایین و سرووشت دەکاتەوە، تووشی گێژەڵوکەیەکی نائومێدی دەبێت و دەپرسێت، ئەگەر خودای گەورە خاوەنی هەموو شتێك بێت، خاوەنی هەموو کەسێك بێت، ئەی باشە بۆچی ئەم شانۆی بەردەوامی ژیانە بەم شێوەیە دەگێڕێت؟! دوور نیە دوا بە دوای بڵاوبوونەوی ئاینە ئاسمانیەکان، ئەم گرووپانە کە بە ویستی خۆیان، یان بە زۆردی بووبێت هاتوونەتە سەر ئەو ئاین و دینەی کە دەسەڵاتداران لەو دەڤەرانەدا هەیانبووە، بە دووریش نازاندرێت خەیاڵی ئەوەیان کردبێت یان مالومە و قەشە و و مەلاکان وایان خستبنە ناو مێشکیانەوە، کە ئەو کۆیلێتیە هەر لە کاتی لە دایکبوونیانەوە بە سەریاندا داسەپاوە، بۆیە زۆر لەو کۆیلانە هەتا مردوون دڵیان بە جیهانەکەی تر خۆشبووە، وە بیریان لەوە کردۆتەوە کە گوایە لە جیهانی ئەوبەردا واتە دوای مردن و زیندوو بوونەوەیان دەسەڵاتداران دەبن بە کۆیلەو پاداشتی خۆشیان بەوە دەدرێتەوە، کە ئەمان بە خۆیان دەبنە دەسەڵاتدارو سەرمایەدار، هەرچی سەرمایەداری ئەم جیهانەش هەیە لەو جیهاندا دەبن بە دیل و کۆیلەی ئەوان.

هەر لەم روانگەیەشدا هەزارها بەڵکو ملیونەها منداڵی هەژار بە زۆری دەسەڵاتداران یان لە رێگای بازرگانانی کۆیلەتیەوە ، یاخود بە ویستی دایك و باوکی ئەو منداڵانە، گەنجان و لاوان لەبەر

هۆی نا دەرامەتی و بیٚ ئابووریەوە کڕاون و فرۆشراون و کەوتوونەتە جیهانێکی بیٚ بن و تاریک، کە زۆربەی جاران هیچ کەس لە ئەندامانی ئەم خێزانانە یەکتریان هەرگیز نەدیوەتەوە.

دەگێڕنەوە هەندێك لە زانایانی ئاینی، هانی پیاوە پیرە پەککەوتوەکانی ڕەش پێستانیان داوە، خۆیان بکوژن بۆ ئەوەی بە نەمانی ئەوان وەك پاك کردنەوەیەکی ڕۆحی بۆ رەشانی دیکەی جیهانی داهاتوو بۆ تۆمار بکرێت. وە هەندێك جار ئەشکەنجەی ئەم پێست ڕەشانەیان داوە، بە شێوەی داغ کردنیان بە ئاسنی سوورەوەکراوی سەر ئاگردان، لە دواییدا هەڵیان واسیون تاکو مردوون، ئەویش هەر بە ناوی ئاین و پاککردنەوەی ڕۆحە رەشەکانیان بووە، بۆیە زۆر گرووپی سەیر لە ئەمریکای باکوور پەیدا بوون، کە بیروبۆچوونی تەسك و شۆڤێنییان هەبوو دژ بە ڕەسەنبوونی ئەو پێست رەشانە، تا ئەوڕۆکەش ئەم نەریتە نا مرۆڤایەتیە بەردەوام سپی پێست هەڕەشەی دژ بە ڕەش پێست و سوور پێست و زەرد پێستەکان دەکات، ئەم ڕەوشەش بە شێوازێکی گونجاوتر بۆ هەندێك لە سپی پێستەکان هەر ماوەو پەرەش دەستێنێت.

## ئیسلام وکۆیلەکان.

گەر ئاوڕێك لە رۆژانی پێش ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلامی پیرۆز بدەینەوە، دەبینین بازرگانە موسڵمانەکان لە کاتی فرۆشتنی کۆیلەکان، هەردەم بە قامچی لێیان دەدان و بە توندی ئازاریان دەدان، هەر بۆ ئەوەی ئەم کۆیلانە ددانیان بکەنەوە، بەو رەفتارەش کڕیارانیان دڵنیا کردۆتەوە لە باشیی تەندروستی و هێزی خۆڕاگرتن و تەمەنی لاوێتی ئەو کۆیلانەوە، یان زۆر جار مەمکی توندی ئافرەتی تازە پێگەیشتوو و بە کۆیلە بووانیان دەردەخست بۆ ئەوەی کڕیاران سەرنج راکێش بن لە جوانی و گەنجی ئەو ژنانە. لە لایەکی دیکەوە دەبوایە پیاوانی کۆیلە وەك چۆن لە سەر شانۆ یان سێرکیش بن، هەستابان ماسوولکەکانیان نیشانی کڕیاران بدایە، ئەمە هەمووی بۆ ئەو کۆیلە نەگبەتانە بوو کە بە خێرایی و بە پارەیەکی باشتر لە بازاڕدا بفرۆشرێن، جگە لەوەش وەك چۆن ئاشکرایە لە دینی ئیسلامدا فرە ژنی بە کارێکی رەوا دەژمێردرێت، بە پێی شەرعی ئیسلام و ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە لە کاتی خۆیدا پیاوانی سەرمایەدار و بازرگانان باوەڕیان بە چوار ژن و نیو هەبووە، واتە ئەو کۆیلە ژنانەی کە خاوەنەکانیان ئازادیان دەکردن، یاخود ئەو ژنە بە لاشە و جەسەد و سرووشت ڕەشانەی کە لە حەبەشە و شوێنی بیانی دیکەوە دەکەوتنە ناو تیرەی قوڕەیشەوە، بۆ خواستن و ژن هێنان بە نیوەی ئافرەتی کۆمەڵگا دەژمێردران و رەچاودەکران، ئەمەش بەڵگەیەکە کە موسڵمانانیش لە کۆندا باوەڕیان بە کەم نرخی مرۆڤ هەبووە، کە دیل کرابێت یان وەك کۆیلە فرۆشرابیٚ و کڕدرابێت، لە زۆربەی چیرۆکی عارەبی و ئیسلامی کۆندا بەرگوێمان دەکەوێت، کە بە سەدەها منداڵ بە ناوی خزمەتکاریی لە لای سەرمایەداران راگیراون، کە ئەوانە یان ڕفێندرابوون و لە خێزانەکانیان جیا کرابوونەوە، یانیش لە شەڕو پێکداچووندا بە دیل گیرابوون، مەگەر تەنها مەرگ لە ژیان و جیهانی هەمیشەیی ئایندەی نادیار بتوانێت ئەم دیلانە بە خزم و کەسوکارانیان شاد بکاتەوە.

بەڵگەیەکی دیکەی تر کە نایەکسانی و ناتەبایی لە ناو خەڵکاندا هێنابێتە ئاراوە ئەوەیە ، وەك چۆن لە کاتی سەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام باو بووە، کە پەیامبەری خودا ئامۆژگاری موسڵمانانی ئیسلامی بەوە کردووە، کە لەگەڵ کۆیلەکاندا مامەڵەیان باش بێت، بە تایبەتی بەرامبەر بەوانەی لە شەڕدا دەستگیر دەکران و وەك دیل دەگیران، بەڵکو دەفەرموێت کە بە ئازاد کردنی ئەم کۆیلانە بۆ فەرموودەی خودای میهرەبان لەو دونیا بە خاوەن کۆیلەکان بە پاداشتێکی مەزن دەنووسرێت، واتە وەك یاسا و نووسراوەی ئاسمانی بە کڕین و فرۆشتنی کۆیلە قەدەغە نەکراوە .

هەتا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا بە هەزارەها خزمەتکار لە ماڵەکانیاندا وەك کۆیلە دەژین، بەڵکو بگرە لەوان خراپتریش، ئێستاکە لە هەندێك دەڤەری کوردستانیش بۆ بڕەك لە ماڵە دەوڵەمەندەکان و هەندێك لێپرسراوان و سەرەك تیرەکان، راگرتنی بە ناو ئیشکەری ناو ماڵ، یاخود بەڕێوەبەری کارە سەختەکانیان لە کنەخۆ گل داوەتەوە و ئەم ڕەوشی بە دیل گرتنەش لایان بووە بە باو، هەر چەندە پیاوانی سەر بەم خێزانانە زۆربەیان لە ڕواڵەتدا لە مزگەوتەکاندا نوێژ دەکەن و خودا ناسن، کەچی لە ماڵەکانیاندا چەند خزمەتکارێك هەن کاریان بۆ دەکەن، سەرەڕای بە ئەنجامدانی ئەو کارە ناپەسەندەش، ئەم سەرمایەدارانە بەم کارەیان دەنازن و بە سەربەرزیەوە بۆ دەوروپشتانیان باس دەکەن، کە خاوەنی چەندە خزمەتکارن، بە ڕاستی بانێکەو دوو هەوا.

## کورد و سیستەمی کۆیلایەتی

گەڕانەوەمان بۆ مێژووی دێرینی کورد، واتە هەر لەسەردەمی زەردەشتیەکانەوە ئەم کارە ناڕەوایەی بە کۆیلایەتی کردنی مرۆڤی بە یاساغ و قەدەغە ناو بردووە. ئەم سیستەمە نامرۆڤایەتیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتورە عارەبیە قوڕەیشییە کۆنانە، کە شان بە شانی بڵاو بوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بڵاوبوونەوە و بەسەر زۆربەی ئەو میللەتانەدا سەپێندران، کە داگیریان دەکردن و زەوی و زارەکانیان بە سەر شەڕکەرەکاندا دابەش دەکردن و بە زەبری شمشێر، کولتوورەکەی خۆیان بە سەر ئەم گەلە داگیرکراوانەدا دەچەسپاند، جا لەبەر ئەوەی ئایین خۆی لە خۆیدا پەیوەندی بە ڕەوت و کولتورەوە نیە، بەڵکو ڕێنماییەکانی بریتین لە ناساندن و پەیڕەوی یاسا و بنەما نەگۆڕەکانی وتە ئاسمانیەکان، لە هەمان کاتدا ڕێگە نیشاندەر و





کۆیلایەتی ژیان دەخاتە مەترسییەوە

پەرستن و باوەڕیە بە بوونی تەنها یەك خودا و پەسەند کردنی نێردراو و نووسراوەو پێغەمبەرەکانی.

واتە بەکاربردنی شمشێری عارەبی و بەکارهێنانی هێز و زۆردی، توانی ئەو کولتوورە بیابانیە دواکەوتووەی عارەبی بەسەرماندا فەرز بکات و ئێمەش بە ڕەزامەندی خۆمان ئەو ڕەوتە نامۆیانە پەسەند بکەین. ئێستا مخابن وەك پرنسیپێکی ئاینی لە ناو کورداندا تەشەنەی کردووە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چۆن ئەم پەیڕەوە هەر لە سەردەمی میرنشینانی کوردەوە تا ئەمڕۆش، زۆربەی ماڵە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و شێخ و مەلا و ئاغا و دەرەبەگ و پیاوە ئاینییەکانەوە بۆیان لواوە، خەڵکانێك وەك بەندە و کۆیلە لە لای خۆیان ناونووس بکەن و وەك خزمەتکار لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ بە کاریان بێنن. ئەو دیاریدەیە بەردەوام لە ناو ئەو گرووپە پارەدارانەدا باڵکێش بووە و هەردەم دەسەلأتدارانیش ئەم هەلەیان بۆ خۆ گوریسکێش کردووە .

هەژاری و بێ درامەتی و نەخوێندەواری وای لە زۆر پیاوانی سەر هەندێك خێزان کردووە، کچەکانیان لە ماڵێکدا بکەنە خزمەتکار، تەنها بۆ ئەوەی لەو ماڵە دەستڕۆیشتوو و دەسەڵات دارە نزیك ببنەوە، بەڵکو بە یارمەتی ئەوانەوە بتوانن کارێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە کەس سوود لەم خەڵکە خۆویست و ناپەسەندانە وەرناگرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەم سەرمایەدارانە بە خۆیان باوەڕیان بە سیستەمی کۆیلەتی و خزمەتکارییەوە هەیە.

لە لایەکی دیکەوە ئاغا و دەرەبەگە کوردەکان، هەروەها شێخ و زانایانی ئیسلامی زۆر لە منداڵانی دێهاتەکانیان وەك شوان و گاوان و کرێکار و ڕەنجبەر و جوتیاری کشتوکاڵ بە پارەیەکی زۆر کەم، یان بە زۆری دەسەڵاتەکانیان بە بێ پارەش بەکار دەبردن، چونکە ئەو تاقمانە ڕاهاتبوون بە هەڕەشەکردن و دەرکردنی ئەو خێزانانەی کە بە پێی دەستووری ئەو ناوچانەی ماڵە هەژارەکانی تیادا زیندەگی دەکرد نەدەجووڵانەوە، بێگومان دوورخستنەوەی ئەو خێزانانە لە سەر زەوی و زاری خۆیان بە گەورەترین سزا بۆیان دەبڕدرایەوە، کاتی واش هەبووە دایك و باوکی منداڵە هەژارەکانیان بەوە هەڵدەخەڵەتاند، کە هەر کارێك بۆ ئەم دەرەبەگانە ئەنجام بدرێت، خودای مەزن لە جیهانەکەی دیکەدا بە خزمەت بۆیان دەبڕێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی منداڵانی کورد لە ژێر سایەی یاسای پیاو سالاریەوە، نە منداڵان و نە ژنان مافیان وەك ئەو مافەی پیاوێك هەیەتی لە کۆمەڵگادا پێ نابەخشرێت.

زۆر بەداخەوە ئەم ڕێباز و ڕەوشە تا ئەوڕۆش زۆر بە شانازییەوە لە نێوسەرمایەدار و هەندێك لێپرسراوانی کوردەوە بەڕێوە دەچێت. لەم دواییەدا خەڵکانیکی بە ناو خوێندەوار و ڕۆشنبیر و نووسەر هاتوونەتە سەر شانۆو پێنووسەکانیان وەك قامچی لێدانێکی سەر کۆیلەیەك بەکار دەهێنن و بە بڵندی و سەربەرزیەوە باس لە ڕەوشی ناڕەوای هەندێك لە لێپرسراوان دەکەن، کە ڕەفتارەکانیان هەرگیز بە ڕەوشێکی فەرهەنگی سەر کولتووری کوردی ناژمێردرێت، کاربەدەست و بەڕێوەبەری هەندێك لە دەزگاکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان زۆر بە باشی هەڵدەسەنگێنن، بە مەرجێك ئەو نووسینانەیان لە ڕاستیەوە زۆر دوورن.

ئەم جۆرە کردەوانە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بە تاوان دژ بە سەرمایەی دەوڵەتەوە لە قەڵەم دەدرێت، بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە هەر کردەوەیەك بەها بە بوونی مرۆڤانی ناشایەستەوە بدات، هەر خۆی ڕۆژێك دێت بەرپرسیار بێت لە سەر ئەو کردەوانەی و بێگومان ئەو مرۆڤە دەروون نەخۆشانە بە سزای دادی میللەتەوە دەگەن، چونکە هەر کەسێك تاوان بۆ یەکێکی تر بشارێتەوە، خۆشی هەر تاوانبارە. شەڕی برا کوژییش جۆرێك بوو لە سیستەمی کۆیلایەتی، کە خەڵکانێك کوێرانە دژ بە برایانی خۆی شەڕیان دەکرد، هەر ئەمەش بوو بە هۆی کوشتن و بریندارکردنی هەزارەها پێشمەرگەی گەنج و

لاوی کورد و گەلێك خەڵکی سیڤیلیش بوون بە قوربانی و هەندێکیشیان تا هەتایە بە کەم ئەندامی دەبێت ژیان بە سەر بەرن .

لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا کۆیلایەتی رەنگێکی تازەی بە خۆیەوە گرتبوو، ئەویش پێکهێنانی دوو چین بوون، یەکەمیان چینی جووتیاران، ئەوی دیشیان چینی خاوەن زەوی و زار و موڵك بوو.

سەرهەڵدان بە شێوەیەکی گشتی، خۆی هۆیەکانی ئەم دەورانە لە زگی کۆمەڵگای کۆیلەداریدا بە شێوەی کۆیلە ئازادکراوەکان و زەحمەتکێشە ئازادەکان کە کۆیلە نەبوون و چەند پارچە زەوییان بە پێی چەند مەرجی دیاریکراو وەردەگرت، سەریانهەڵدا، زەوییەکانی خاوەن موڵك، داچێنن و بەشێکی گەورەی داهاتی ئەو زەویانە لەگەڵ هەندێك باج و پیتاکی ترو بێگاری بە خاوەن زەوییەکە بدەن، لە کۆتایی دەورەکانی کۆیلەداریدا بەم شێوەیە داهاتێکی زۆری بۆ کۆیلەدارەکان دابین دەکرد، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو جووتیارانە لەگەڵ زەوییەکاندا دەفرۆشران و دەکڕدران، لە روانگەی داڕشتنێکی ئابوورییەوە، هەمیشە هۆی شۆڕشگێڕی لە چینی جووتیارانەوە دەستی پێ کردووە.

**چۆن تاکی کورد لەم سیستەمە نامرۆڤایەتیە دەتوانێت خۆی رزگار بکات ؟**

ئەندامانی کۆمەڵ لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکاندا بە دوو چینی بەناو (ئازاد و بەندە) دابەش نەکراون، بەڵکو بە دوو لقی سەرەکی دەناسرێن، ئەوانیش دەستەی هەژار و خاوەن سامانن، بە هۆی ئەوەی کە فەرمانبەران و سەرۆك هۆزو تیرەکان چەند ئەرکێکی تایبەتمەندییان هەبووە، وەك پاراستنی هێمنایەتی و دابەش کردنی ئاوودێری و زەوی و زار و دانانی سیستەمێکی گونجاو بە خۆیانەوە، هێندەی تر بوونەتە خاوەن هێز و سامان، دروست بوونی پەیوەندییەکی بەتین لە پێکهاتووی کۆی یەکگرتووی هۆزەکان و پادشاکان و دەستەڵاتداران، بوو بە هۆی پێکهێنانی هێزێکی ناوەندی دەستەڵات لە یەك جێگەدا، کە سیستەمێکی بە تەواوی ستەمگەرانە بوو، لە نێو بوونی ئەم دەسەڵاتەدا رێگە خۆشکرا بۆ دابینکردنی رژێمێکی کۆیلەداری، کە بە یەکجاری توانی زاڵ بێت بە سەر گشت تاکەکانی کۆمەڵگا.

بۆ بنبڕکردنی ئەم جۆرە هێزانە، کە دەتوانین بە یەکێك لە هەرە بەربەستەکانی دژ بە پێشەوەچوونی کۆمەڵگای دابنێین، پێویستیمان بە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیڤیل هەیە، کە باوەڕی بە خودی مرۆڤ و دیموکراتی و یەکسانی و ماف ژنانەوە هەبێت و پابەند بێت بە یاساکانی نێودەوڵەتی .

1- دەبێت دزگایەکی یاسایی سەربەخۆ، بە دەسەڵات بنیات بنرێت، کە بتوانێت دادگایی و سزای گەورەترین دەسەڵاتدار بکات، ئەویش بێگومان دەسەڵاتی پەرلەمانێکی ئازادە، کە دوور بێت لە دەسەڵاتی حیزبایەتی.

2- رۆژنامە و پەیامنێر و نووسەر و میدیاکان دەبێت سەربەست بن، هەمیشە هەوڵیش بدەن لەسەر خەڵکانێکی نارەوا، کە بە پارەی میللەت سەرمایە بۆخۆیان کۆدەکەنەوە بنووسن.

3- هاندانی کچان و ژنان بدرێت بۆ زیاتر پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کۆمەڵگای پیاوان.



کۆیلە بوون مرۆڤ دەکاتە پەیکەرێکی وەستاو

4- بە قەدەغەکردنی دامەزراندنی منداڵان وەك کرێکار لە کارخانەکانی ناو دەوڵەت و بە دزی و بە ئاشکرایی، هەروەها بە سزادانی ئەو کەسانەی کە منداڵان وەك خزمەتکار لە ماڵاندا رادەگرن.

5- کردنەوەی دەزگای تایبەت بە فێرکردنی ئیش و کار بۆ گەنجان و لاوان کە خوێندەوارییان نییە.

6- یارمەتی ئەو کەسانە بە پارە بدرێت، کە کاریان نییە تا وەکو کارێکیان بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو بێکارانە پێویستیان بە یارمەتی خەڵکانێکی بیر تەسك نەبێت، کە لەبەر پەرژەوەندی خۆیان کۆمەڵێك دەکەن بە کۆیلە.

7- کردنەوەی یانەی وەرزشی بۆ گەنجان و لاوان و هاندانیان بۆ پێکهێنانی گرووپێك کە وەرزش ببێتە پیشە بۆیان.

8- کردنەوەی دەزگایەکی پشکنین و دەروون ناسی بۆ چارەسەرکردنی گەلێك لەو گرفتانەی هاوڵاتییان. کردنەوەی ئەم جۆرە دەزگایە لە ئایندەدا دەبێتە هۆی درووست بوونی کۆمەڵگایەکی پێشڤەچوو.

9- کارە جۆراوجۆرەکانی نێو دەزگاکانی سەر بەدەوڵەت، بە شێوەیەکی یەکسان بە سەر هاوڵاتییاندا دابەش بکرێن، بە مەرجێك کاری شیاو بۆ کارمەندی لێزان تەرخان بکرێت.

10- مامەڵەی بەریوانیکردن (واستە) لە نێو سەرجەم دەزگاکاندا بنبڕ بکرێت .

uvnbas@hotmail.com

# سەرە باسێك لە بزاوتی ئافرەتان

مەریوان فە تحی کەریم*

**بەدرێژایی** مێژوو ئافرەت بەشێکی بنچینەیی کۆمەڵگاکان بووە، بێگومان بەبێ ئافرەت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە ئێرە و لێرەوەش نەیدەتوانی بەرەو هیچ لایەکی تر بچێ، هەر لەکۆمۆنی سەرەتاییەوە و دوای دووەم دابەشبوونەوەی کار و دەرکەوتنی سیماکانی کۆمەڵگەی کۆیلەداری، مرۆڤایەتی ئافرەت وەپاشەکشەکەوت و ئەو ڕۆڵەی کە دەبوایە وازیی بکات، لێی سەندرایەوە ، لەوێوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبەرهەمی بیروبازووی نیوەی ئەندامەکانی بێبەش کرا، هەرچەندە لێرەو لەوێ ئافرەتانێك تێدەکۆشان و دەنگیان بەرزدەکردەوە، بەڵام ئەنجامەکانیان وەك (ژاندارك) تراژیدی بوو و بەرەنگاری توندترین سزا دەبوونەوە، بەمەش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە داهێنان و تێکۆشان و بەهرەی نیوەی ئەندامەکانی بێبەش مایەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لاپەڕەکانی مێژوو لە بیر و داهێنانە جوانەکانیان بێ بەهرە بووبێ، بیرمەندێك دەڵێ (ڕزگاری ئافرەت پێوانەی ئازادیی کۆمەڵگایە)، نازم حیکمەتیش شانۆنامەیەکی جوانی هەیە باس لە ڕۆڵی گرنگی ئافرەت دەکات لە وەستاندنی جەنگی کاولکارانەی نێوان دوو وڵات کە پیاوەکان هەڵیانگیرساندووە!، تەواوی فەیلەسووف و ئەدیب و زانا و نووسەرە گەورەکانیش، ڕۆڵ و کەسایەتی ئافرەتیان وەك ڕۆڵ و کەسایەتی پیاو هەڵسەنگاندووە و هیچ بیانوویەکیان بۆ جیاوازی نەهێشتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشا ژیان بەجۆرێکی تر ڕێی کردووە و هەل و دەرفەتەکانی لەبەردەمیاندا تەسك کردۆتەوە و گەیشتۆتە ئەو سنورەی کە بتوانین بێژین چەوسێنراونەتەوە، ئیدی بەدرێژایی چەندین سەدە ئافرەت خاوەنی خەون و کەسایەتی خۆی نەبووە و بەردەوام لە پەراوێزی پیاواندا ژیاوە، نەیتوانیوە بەشداری کارای ببێ لە بنیات نانی شارستانێتیەکان و لەم ڕووەوە ئامادەییەکی ئەوتۆی نەبووە، هەر بۆیەش کەم و زۆر لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا و لە پنتە لێك دوورەکانی سەرزەویدا جاروبارە وەك ئۆپۆزسیۆن جوڵاونەتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە بەپێی زانستی ئابوری سیاسی و تیۆرزانە پێشکەوتوو خوازەکانی ئەم بوارە، لەدوای کۆمۆنی سەرەتاییەوە تا ئەمڕۆش، تەنانەت دوای گۆڕانی سیستمە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگا و دابەشبوونەوەکانی کار چ جار ئافرەتان شانسی باشیان نەبووە و بنەماکانی دابەشبوونەوەی کار لەبەرژەوەندیاندا نەبووە، تاوەکو ئەندامێکی کاملی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێنەوە ناو ژیان و ڕۆڵی شایستە و سروشتی خۆیان بگێڕن، چونکە یاساکانی وەبەرهێنانی سیستەمەکانی کۆیلەداری و دەربەگایەتی و سەرمایەداری بەجۆرێکن، نەك هەر بەرابەری نێر و مێ ناسەلمێنن، بەڵکو بەرابەری نێوان خودی پیاوەکانیش



ناسـەلمێنن و كۆمـەڵگا دابـەش دەكەنـە سـەر چـین و توێـژە كۆمەڵایـەتی و ئابووریـە جیاوازەكـان، بەواتایـەكی دی لـەم سیستەمانەی بەڕێوەبردنی كۆمـەڵگادا بەردەوام ئۆردوویەك لە پیاوانی هەژار و بێكار دەركەوتوون و ژیانێك ژیاون،كە شایستە بەو مرۆڤە نەبووە، كە بە بەنرخترین سەرمایەی سەر گۆی زەوی پێناسی كراوە، جا تۆ وەرە سەیری ئافرەت بكە، كە بەدەستی ئەو ئافەریدە چەوساوانەوەش چەوسێندرابێتەوە، بەجۆرێكی دی بزووتنـەوە فێمێنیـستییەكان، كـە بـەدەر لـە بزاووتـە چینایەتییەكان تێكۆشاون بـۆ بردنـە پێشی رەوشـی گـشتی ئافرەتان بەو سیستمە كۆمەڵایەتیانەی لەسەرەوە ناومان بردن دەڵێن سیستمی باوكسالاری یان (پیاوەمەزنی)، ئەی ئەگەر لەو سیستمەدا بەشی هەرە زۆری پیاوان چەوساوەبن، دەبێ رەوشی ئافرەتان چلۆن بووبێ؟! وەك هێمنی شاعیر دەڵێ:

ئەسیری بسكی ئاڵۆزی كچە كوردێكی نەشمیلم
تەماشاكەن چ سەیرێكە بەدەستی دیلەوە دیلم

هەرچەندە مام هێمن لە هەستێكی شاعیرانەدا و لە چوارچێوەی بیرێكـی پێـشكەوتوانەدا خـۆی بـە دیلـی ئـەو ئافرەتـە (دیلـە) دەزانـێ، ئێمـە ئەگـەر بەبەرهـەمی ئافرەتـە نووسـەرەكانی دنیـادا بـڕۆین و سـەرنجیان بـدەینێ، بـە ئاسـانی ئـەم چەوساوەیی دەستـی پیـاوە چەوساوەكانیـشمان بـۆ دەردەكـەوێ، بەرهـەم و دانراوەكـانی (رۆزا لێكـسەمبۆرگ، نـەوال سـەعداوی، غـادە السلمان، فروغ فروغزاد، ئاجاتا كریستی، پـەروینی ئیعتسامی، نازك ملائیكە، مهاباد قەرەداغی،...هتد) شایەتی ئەم راستییەن كـە ئێمـە باسـی دەكـەین.. ئێـستا ئێمـە دەمانـەوێت بـزانین لـەو رەوشـە ئاڵۆزانـەی ئافرەتانـدا پێویـستە چ ئافرەتـان و چ ئازادیخوازانی نێو كۆمەڵگا دەبێ چ بكەن و كام رێگا هەڵبژێرن بۆ ئاسایی بوونەوەی رەوشی كۆمـەڵگاكان و ریشەكێشكردنی رەگی یەكجاری رموزنەی چەوسانەوە؟!

سەرەتا من پێم وایە لە دەرۆژەكەر دەرۆزە ناكرێت، بەواتایەكی دی ئـەو ئافرەتانـە تێكۆشـەر نـابن، تـا بـە تیـۆر و مەعریفـەكان ئاشنا نـەبن، چونكە ئەمـە هاوكێشەیەكی زۆر سادەیە، كەسـێ لـەمانای بنچینەیی ئـازادی تێنـەگات، ناتوانێ بۆشی بخەبتێ، ئـازادی لـە رووكەشـدا وشـەیەكی سـادە و سـاكارە، بـەڵام لەناوەڕۆكـدا زۆر ئـاڵۆزە و تەفسیراتی جۆراوجـۆر هەڵـدەگرێ، بۆیە زۆرجاران كاری ناشایستە لـە ژێـر سـێبەری ئـەم وشـەیە دەكـرێن، بەواتایـەكی دی زۆر جـاران ئـافرەت لـە ژێـر ئـەم دروشمـەدا كەسـایەتییەكەی سـەلب دەكرێـت و دەچەوسێنرێتەوە.

بەهەر حاڵ ئەم بابەتە زۆر لەوە دوور و درێژتر و ئەستەمترە، كە ئێمە بە ئاسانی بتوانین لـە وتارێكی ئـاوادا ساغی بكەینەوە، بـەڵام پێشمان باشە هـەر نـەبێت ئامـاژە بـە جۆرەكانی بزاوتی ئافرەتان بكەین:



**ئافرەت و ئاشتی**

1- بزاوتە تەقلیدیەكان:(سونەتیەكان)

2- بزاوتـە فێمێنیـستیەكان، ئەمانـە دەیانـەوێ چەوسانەوەی نێـو كۆمـەڵگاكان پێچەوانە بكەنـەوە و هـەوڵ بـۆ كۆمەڵگایـەك دەدەن كە پیـاو چەوساوە بێـت و ئافرەتـان سـەردار بـن، ئەمانـە هـەڵگری دژ كردەوەیـەكی زۆر توونـدی مێـژووین و هـەوڵی تۆڵـە سـەندنەوە دەدەن..

3- بزاوتە شۆڕشگێڕە چینایەتییەكان..

ئەمانەی سەرەوە سەرەكیترین بزووتنەوەكانی ئافرەتان پێك دێنن و لە سەندیكا و رێكخراو و دەزگای جۆراوجۆردا شەقڵیان گرتووە، لە كۆتاییدا دەبێ ئەو راستییە دووپات بكەینـەوە، كە دەبێ هـەموو ئازادیخوازان هـەوڵی بێوچان بدەن بۆ ئاشت كردنەوەیەكی كامڵی ئافرەتان و پیاوان و یەكسانیان بكەنەوە، پێشم وانییە بە هـەوڵی ریفۆرمیستانە ئەم هیوایە بێتە دی.

*ئەندامی مەكتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی.

# وشەیەکە خەریکە شەرعیەت وەردەگرێ !

فەیسەڵ سادق

زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین، کە هونەر شمشێرێکی دوو سـەرەیە، بـەلای هەندێکـەوە رۆڵێکـی باشـی لـە پێشوەچوونی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیدا دەبینیٚ و ژیان جوان دەکات، بەلای هەندێکی ترەوە دیوێکی هونەر لارێ بوونە لە رەوشتی باش و کۆمەڵگا پیس دەکات، کەچی لە بنەڕەتدا هونەر وشەیەکی ناسکەو گوزارشت لە جوانی و داهێنان دەکات، بۆیە دەبینین هەر کاتێك مرۆڤ لە کارێکدا داهێنان بکات دەڵێین کارەکەی بە هونەری بە ئەنجام گەیاند، یان لە وەلامێکی دروست دەڵێین بە هونەری وەلامی دایەوە، بان بە هونەری خۆی لێ دەرباز کرد .

لە بەرامبەر ئەمەشدا مرۆڤ پێشکەوتووترین زیندەوەری سەر زەمینە، کەچی ئەمیشیان دوو سەرەیە! دەکریٚ مرۆڤ بنیاتنەر بێت و دەکریٚ وێران کەریش بێت، بەلام لە بنەڕەتدا دەلالەت لە چاکە دەکات، چونکە هەردەم بە کاری باش دەڵێین هی پیاوانە، یان دەگوتریٚ پیاوانە هەڵسوکەوتی کرد، یان مامەڵەی مامەڵەیەکی مرۆڤانە بوو، بەم شێوەیە هەرچەندە



خەڵك بیروڕاو ئایین و رەگەز جیاوازیان هەبێت، وەلیٚ لە خەسڵەت و کاری گشتی ( مرۆڤن ) و مرۆڤایەتی دەکەنە ئامانج ، ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤ هونەری تیادا دەکات، پێم وایە بووەتە مۆتەکەیەك و دەردێك زۆر لە هاوکێشەکانی ژیانی تێك داوەو هەندێکی بە ئاراستەی پێچەوانە گۆڕیوەو هەندێکی تری تەنها بە یەك ئاراستە کردووە ، تا وای لێهاتووە ئالۆزییەك دروست بێت و ئەقڵ و مەنتق دوا شت بن، کە کاریان پیٚ بکریٚ و بە رادەیەك کاریگەری تێکردووین، کە وامان لیٚ بکات لە ژیان بێزار بین و حەسوودی ( ئیرەیی ) بە هەندیٚ گیانلەبەر ببەین کە بیٚ ئەقڵ دەژین .

قسەی من لێرەدا لە سەر هەڵسوکەوتێکە، لە سەر وشەیەکە کە بۆ هەندیٚ کەس بووەتە ( قورئان) و لە سەری دەڕۆن، بۆ هەندیٚ کەس ( ئینجیل ) و بۆ هەندێکی تر (کتابی ژیانە). وشەیەکە ئەمڕۆ بە باشترین شێوە نان پەیدا دەکات بۆ هەر لایەك رووت وەرگێڕی لەویٚ ئامادەیە، بیٚ پەساپۆرت دەچێتە هەموو ناوچەکان و لە سەر مێزی دەسەلات، لە نێو پێخەفی هەموو نێرو مێیەك دەخەوێت ! بە هەموو شێوەزارێك دەئاخفێت، حەز بکات دلان نەرم یان رەق دەکات، زۆر کەسان لە پڕیٚ دەکاتە کوڕیٚ، ئارەزووی لیٚ بیٚ قوڕ بە سەری کیٚ بیٚ دەکات ! ئەم وشەیە وشەی تری لە خزمەت دا کار دەکەن وەکو ( جەناب – قوربان – گەورەم – گیانم بە فیدات – ئازیزم – رووح و گیان – سەروەر .....تاد ) لە گەلٚ دەیان فەرمانی تێپەر و تێنەپەڕ و شێوازی رێژەی ئینشائی و ئینجاری و رابردوو و رانەبردوو – داخوازی .. هاوکات بیٚ ژمار وشەی پیا هەڵگوتن و رازاندنەوەو بریقەداری وەك سوپا لە ئامادە باشیدان، وشەکە بۆ خۆی بووەتە فەرهەنگ، وشە ( خەباتە – قوربانیدانە – کەفائەیە – شەهادەیە – بیری نویٚ یە – خوێنی تازەیە .... تاد )، بەلیٚ بەدیلی هەموو ئەمانەیە ، لە هەر کارێك گرفتێکت هاتە پێش دەتوانی پشتی پیٚ ببەستی، لە دامەزراندن – لە سیاسەت – لە دامەزراندنت بە فەراش یا وەزیر یان ئەندام پەرلەمان، لە هەر خوازبێنیەك لەوەی کە ئیفادی زیادت بۆ بنوسریٚ، لەوەی کارەبای رەئیسیت هەبیٚ، یان جیا لە کۆلانەکانی تر کۆلانی تۆ قیڕ بکریٚ، یان بە فەرمانبەری بن دیواری دابمەزریٚ ی ..... تاد .

جا ئەمڕۆ مرۆڤ هونەری لەم وشەیەدا کردووە و لەوانەیە بۆ هەندێك ئەم وشەیە ( کۆمپیوتەر بێت، یان مۆبایل یان ئەنتەرنێتەکەی ئاریافۆن بێت ) .

بە داخەوە ئەمانە نین ئەوەی باس دەکەین بووەتە خویٚی ژیان و رۆژ دوای رۆژیش پانتایی جوگرافیای فراوانتر دەبیٚ و چووەتە ناو هەموو پەیوەندیەکان، لە هەموو هاوکێشەکان بوونی هەیە ( مرۆڤ و خاك – مرۆڤ و مرۆڤ ) لە مامەڵە بازرگانیەکان، لە کۆڕو سمینارو فیستڤاڵە رۆشنبیریەکان و ژیانی کۆمەلایەتی داپۆشیوەو بووەتە ئەلف و بیٚی سیاسەتیش، ئەم وشەیە بووەتە دیاردە و ویژدان و مرۆڤی لە یەکتر جیا کردۆتەوە، رەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤی لە یەکتر دوور خستۆتەوە، وای لە ژیان کردووە مردنمان لا خۆشتر بێت. هەر کاتێکیش قیامەت لەم وشەیە داهات ، ئەوکات ژیانی راستەقینە دەست پیٚ دەکات، ئەوکات دەتوانین بە بیٚ ئەوەی گومان لە بوونی خۆمان و راستگۆیی و دەروون پاکی خۆمان بکەین بژین.

ئەم وشەیە ئەویٚ رۆژیٚ پێیان دەگووت ( زمان لووسی ) و دوێنیٚ ( پان کردنەوە) و ئەمڕۆ ( ماستاو چیاتی و ماستاو ساردکردنەوە ) و خەریکە شەرعیەتیش وەردەگریٚ، دوور نیە بەیانی ببێتە ( لێزانی و داهێنان و ....تاد )، خوا بزانیٚ بە چ بەرگێکی تر خۆی دەنوێنیٚ .

# سیخوڕی ڕۆژهەڵاتناسەکان

د. ڕۆژان خالید



**کوردستان** وەک وڵاتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێگەیەکی گرنگی هەیە، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە. هەر لەبەر ئەم گرنگیەشە هەمیشە لەلایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانیی و وڵاتانی دراوسێ چاوی تێبڕاوە، ناردنی پیاوانی سیاسی و دیپلۆمات بۆ نێو خەڵك و گەڕان لە کوردستان بۆ دۆزینەوەی پیاوانی خۆیان، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و ڕاکێشانی کەسایەتی ئایینی، ئاغا و سەرەك خێڵ بۆ نێو گەمەی سیاسی و بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ.

لە دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کەوتبووە ژێر ڕکێفی دوو زلهێزی وەک بەریتانیای گەورە و رووسیە. ئەم دوو زلهێزە لە ململانێیەکی زۆر دابوون بۆ دەستکەوتی ئابووری و سیاسی خۆیان. هەر لەو پێناوەشدا گەلێك شارەزا و زمانزان و ڕۆژهەڵاتناسی خۆیان لە ڕووڵاتدا بۆ کاری سیاسی و دیپلۆماسی، لە ژێرەوەش بۆ کاری سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناردە کوردستان.

مەبەستم لە نووسینی ئەم وتارە ئەو پسپۆڕ و شارەزا و ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسە بێگانانەی نموونەی ( ریچ و مینۆرسکی و نیکتین و باخ و لایارد و ....هتد) نیە، کە لە نووسینەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە جێگای باوەڕی مێژوونووس و کۆمەڵناسەکان، بە سەرچاوەی گرنگیش دادەنرێن لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورددا، ویڕای هەموو کەموکورتییەکانیان.

نووسینی ئەم وتارە لە ئاکامی ئینترسی خۆم بۆ وەرگرتنی زانیاری لە مەڕ مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بە تایبەت لە نێو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە و دەزگاکانی ئەمنی و سیخوڕی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، لەلایەکی دیکە خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی وڵاتانی دەرەوە، کە بەم دواییانە لە هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە کوردی بڵاوکراونەتەوە، سەرچاوەی گرتووە.

زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و دەوڵەتانی زلهێزی جیهان، خەڵکی خۆیان لە کوردستان هەبووە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زانیاریان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کار و چالاکی هێزەکانی کورد و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کۆکردۆتەوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت بەردەوامن لەو کارە.

ساڵی 1989 لە شاری مۆسکۆ سیمینارێك لە مەڕ مێژووی کورد، لەلایان ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی رووسیە بەسترا، کە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکانەی سەرقاڵی کارکردنن لە سەر مێژووی کورد بەشداربوون.

منیش وەك خوێندکارێکی کورد، هەر چەند پەیوەندیشم بە مێژووەوە نەبوو، بانگهێشت کرابووم، لە تەنیشت من پیاوێکی کورتە باڵای ڕەنگ ئەسمەر دانیشتبوو، گوتی: من ناوم (چ.ر)ە، کوردی ئەرمەنستانم. مامۆستای زمان و ئەدەبی ئەرمەنیم و شارەزاییەکی باشم لە سەر مێژووی کورد و هەر پێنج پارچەی کوردستان و کوردەکانی دیاسپۆر هەیە.

لە ڕۆژی یەکەمی سمینارەکەدا، کاتێك ڕۆژهەڵاتناسێکی ئاکادیمیی بە ڕەگەز ئەرمەنی، بانگ کرا بۆ وتار خوێندنەوە، ئەو برادەرەی لە تەنیشت من دانیشتبوو بە دەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی: جاسووس و سیخوڕ پیاوی مێژوو نیە، چونکە هەموو شتێك بە چاوی



سیخوڕی، دروستکردنی پیاوێک لە گوێچکە



سیخوڕیی و له بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتی خۆیان دەبینن.
منیش لە بەر حورمەتی کۆبوونەوەکە، کە زۆر کەسایەتی بەناوبانگی تێدابوو پێم گوت بێدەنگ بە.

پاشان دوای تەواو بوونی وتار خوێندنەوەکە، کابرا بەشداری گفتوگۆکانی کرد و گوتی هەر بە پشت بەستن بە بیروباوەڕی کەسی وەك تۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی (سوور)یان رووخاند و کوردیان ماڵوێران و دەربەدەرکرد. گوتی: ئەوشتانەی ئێوە دەیڵێن هیچم بە مێژووی کورد قبول نییە، کورد دەبێ بۆ خۆی مێژووی خۆی بنووسێتەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا، کە بۆ ئێمەی کورد پێویستە بیر لە داهاتوو و دوا ڕۆژی نەتەوەکەمان بکەینەوە، نەك رابردوو..

ئەو کات من بۆم دەرکەوت ئەو کەسە بێ حورمەتی نەکردووە، بەڵکو دڵسۆزی و هەستی نیشتمان پەروەری وای لێکردبوو، بە راشکاوی ئەم قسانە بکات.

بەراستی ئەگەر مرۆڤ سەرنجی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی ئەرشیفی رووسەکان و ئینگلیزەکان بدات، شتێکی زۆر نامۆ لە نێو ئەو بەڵگەنامانەدا بەدی دەکرێت، کە لەگەڵ واقیع و سروشتی کوردان لە زۆر بوارەوە یەك ناگرنەوە، ئەو راپۆرتانە گوزارشت لە هەلومەرج و بارودۆخی کوردستان و ئێش و ئازار و مەینەتیەکانی کوردان ناکەن. وێڕای ئەوەی ئامار و ژمارەی کورد لەم ناوچەیە بە کەم لە قەڵەم دەدەن. نووسەرانی ئەم بابەتانە لە زۆر جێگادا کورد وەك دڕندە و پیاوکوژ و ڕێگر و چەتە و یاساشکێن ناودەبەن، (هەڵبەتە لە ناو کوردانیش وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە خاڵی نەگەتیڤ و دژ بەیەك هەن).

ڕەنگە هەر ئەو بیروبۆچوونانەش بووبن بە لەمپەر و کۆسپ لەبەردەم دروستبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان.

لەلایەکی دیکەشدا ئەو بەڵگەنامانە تا ئیستا لێرە و لەوێ دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد، بێگومان ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانە نین، کە لە ئارشیوی(ئەرشیف) وڵاتانی پێوەندار بە کوردستان هەیە، هەروەها زۆر ڕووداو و کارەساتی مێژوویی هەن، لەم بەڵگەنامانەدا رەنگیان نەداوەتەوە و نا تەواون.

لەبەر ئەوە پێم وایە لە نووسینەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، بە تەنها پشت بەستن بەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە کارێکی زانستی و ئاکادمی نییە، چونکە نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکی وەك کورد، کە پڕە لە مەینەتی و کارەسات پێویستی بە کارێکی زانستی و ئاکادیمی هەیە، بە چاودێری مێژووزانانی کورد بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە.

لە زۆرێکیش لە بەڵگەنامە رووسییەکان کورد وەك سیخوڕ و هاوکاری ئیمپریالیزم تاوانبارکراوە، لە کاتێکدا بەریتانیای گەورە هیچ کات ئاوات و ئارەزووی کوردی بۆ سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ نەدەکرد، لە زۆربەی بەڵگەنامە بەریتانیەکانیش کورد وەك جاسووسی رووسیە و لایەنگری ئالای سوور و کۆمۆنیست بوون تاوانبار کراون.(ئایا ئەوە یەك بان و دوو هەوا نییە؟!).

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەست نیشانی خاڵێکی گرنك بکەم، ئەویش بەدواداچوون و کەڵك وەرگرتنە لەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانەی لە ئارشیوی وڵاتانی دەرەوە هەن، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانە کە مێژووی کورد دەنووسنەوە، کە ڕەنگە لە زۆر شوێندا کەڵکی باشیان هەبێت و زۆر شت لە مێژووی سیاسی کوردستان ئاشکرا بکەن، کە تا ئێستا شاراوە ماونەتەوە.

Rojanshtab@yahoo.com

## فەرهاد پیربالٚ:

# دانانی ئەندام پەرلەمان بە بیٚ پرسی خەڵك، وەك دامەزراندنی پۆلیسێكە



**فەرهاد پیربالٚ**، ئەو پیاوە بزۆزەی رۆژێك لافیتەیەك لە بەردەم هۆڵی میدیا هەڵدەواسێت و رۆژێك لە سەر سنوور خۆی رووت دەكاتەوە، لە زانكۆی پڕ تاسە خۆی پیٚ ناگیرێت و روو دەكاتە جادەی پڕ مەعریفە، بەڵام دەبینێت شۆستە پیسە و ئەزانێت خەڵك و حكومەت میانەیان تەواو نیە، جڕتێك بۆ ئەو لێدەدات و بە ڕۆدانی كوڕەكەی دەڵێت نەكەی لە مەجلیساندا تڕ بكەی .. ها.

فەرهاد ناترسێت و بە وەزیری سەر تەلەفزیۆنەكە دەڵێت جەنابی وەزیر درۆت كرد.. بە پاشا دەڵیٚ رووتی.

ئنجا فەرهاد دنیای لیٚ بەرتەسك دەبێتەوە و وڵاتی لە بەرچاودا دەبێتە مەلعەبێكی 160 هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشە.. سەرەڕای پاركە گەورەكەی هەولێر سێبەری دارێك شك نابات، دوو قسە لەگەڵ دڵدارەكەی بكات و گوڵێك لە بەرۆكی بدات، دكتۆر تووڕە دەبێت كاتێك عیشقەكانی لێدەسەننەوە و ئاڵایەكی كوردستانی دەدەنیٚ.. ئەم مامۆستایە رقی لە پەرلەمانە، چونكە دەبینێت هەندێك ئەندام پەرلەمان خەوتوون و هەندێكیشیان خەویان دێت، كە لە (گەلی)یش بەرەو سۆران دێت، پڕۆژەكانی حكومەت لە چاوی رادەچن و سۆرانی لە بەر چاو دەبێتە گوندێكی پینتیۆم چوار.

ئنجا نە شەرم نە حەیا هەر بێزار بێت، وەك شوڕتی مڕوورەكەی كەركوك بەرۆكی عەلی مەردان دەگرێت و یەك بە دەنگی هاوار دەكات:

**فاتیمە دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانیە**
**پڕ شەڕابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانیە**

فەرهاد زیاتر تووڕە دەبێت و رقی لە سروودی نیشتمانی موطنی موطنی عێراقی وڵاتە و دژی عێراقێكی ئازادە.. بەڵام حەزی لە ئەی رەقیبە و دڵی بە كوردستانی ژێردەست دەسووتێت.. پیاوێكی سەیرە، مزگەوتەكانی هەولێری پیٚ زۆرن.

بە سەر سەری ئەم سەدەیەوە قەڵا رووخاو و منارە شكاوەكەی شێخی چۆلی پیٚ لە بورجی ئیڤڵ جوانترە، ئەو هەموو پێشكەوتن و تەكنەلۆجیا و بەژن و باڵای كەڵەگەتی كچانی چاو سەوز و شینی، ئەوروپا نەیانتوانی عیشقی كوردستان و تەشی و مەشكە و مراكەدۆ و قەزوان و دۆینە و داندۆك و كەلەوپاچەی هەولێریانی لە بیر ببەنەوە، خێرا.. خێرا جانتاكەی پێچایەوە و هاتەوە باوەشی كوردستان، پەساپۆرتەكەشی نویٚ نەكردەوە، ئەو نازانیٚ ئەم وڵاتە رۆژیٚ لەدارە دوازدە لە خوارە، دواجاریش پاداشتی ئەم هەڵوێستەی نان بڕین و فەسڵكردن بوو لە زانكۆ.. لە بەر ئەوەش كەیفی بە عەمید و حەمیدەكان نایەت.

فەرهاد قێزی لە حیواری كوردی – عەرەبی و – عەرەبی – كوردیە، ئەتاتوركی لە بەرچاو لب قەحپەیەكی مۆنی مڕومووچ دەچێت.

سروشتی فەرهاد سەیرە و وێنەی سەیر.. سەیر دەگرێت، كەچی هێشتاش تێر نەبووە لە وێنەگرتن و حەزی لێیە ئەبو سەباح وێنەیەكی بگرێت و هەموو ئینجێكی رۆحی خرۆشابیٚ بۆ رۆژانی منداڵی.

فەرهاد گیو و حوزنی هان دەدات، تا مان بگرن. بەمەش ناوەستیٚ و حەزی لێیە سێوە لاسوورە و پرتەقاڵەكانیش عەشق بكەن، بەڵام ئەفسووس ئەو نازانیٚ دەستیان نیە، تا باوەش بە یەكدا بكەن...

**غازی حارس**

***تۆ ساڵانێكە لە شەڕێكی دەستە و یەخەدای لەگەڵ وڵاتەكەت، یان بە دیوێكی دیكەدا بەردەوام بزێوی، ئەم بزێویی و شەڕەی تۆ لەگەڵ وڵاتەكەت لەپای چی؟**

–دەورووبەر زۆر بێدەنگە لە ئاست ئەو ناشرینییانەی هەن، دەوروبەر زۆر خامۆشە، زۆر تێكەڵ و پێكەڵە، زۆر ناماقووڵە، زۆر نالۆژیكیە، زۆر سوریالیە زۆر بێسەروبەرە.

من هەموو جار دەڵێم ئەگەر ژمارەی ئەو كەسانە زۆرتر بووایە، كە هەستی تراژیدی بوونیان هەبووایە و هەستیان بەو هەموو ناماقووڵی و ناشرینی و دزێویەی دەوروبەر بكردایە، ئەركی منێك و تۆش سووكتر دەبوو، من وای بۆ دەچم، ئەگەر من بزێوبم بەو مانایەی كە تۆ دەیڵێی هی ئەوەیە، دەوروبەرم پێویستی بەو بزێویە هەیە، یان كۆمەڵگەكەم وام لێدەكات تووڕەبم، یان بزێوبم و كاردانەوەی لەو بابەتەم هەبێت.

من یەك نموونەت بۆ دەهێنمەوە، ساڵی 1994 هاتمەوە كوردستان، سەرەتای دامەزراندنم لە زانكۆ، من بووم، د.جەمشید حەیدەری بوو، لەگەڵ مامۆستا شوانێك، كە ماجستێری هەبوو لە كەنەدا، لە زانكۆی سەلاحەددین دادەمەزراین، یەك كاغەزی رەسمی، فەرمانێك بوو، لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بۆ سەرۆكایەتی زانكۆ هاتبوو، ئەمانەویست ئەم فەرمانە لە ناو سەرۆكایەتی زانكۆ فۆتۆكۆپی بكەین، وتم فۆتۆكۆپی لە كویٚ هەیە؟ گوتیان لەم ژوورە، ژوورێك بوو تایبەت بە فۆتۆكۆپی، نووسرابوو ژووری فۆتۆكۆپی، چووینە ژوورەكە ژنێك دانیشتبوو گولەبەڕۆژەی دەخوارد، گوتمان ئەم نووسراوەمان بۆ فۆتۆكۆپی بكە، گوتی تێكچووە، بڕۆنە نهۆمی دووەم، چووینە نهۆمی دووەم، ژنێكی تر دانیشتبوو گوڵە بەڕۆژەی


فەرهاد پیربالْ و غازی حارس

دەشکاند، ئەمیش گوتی تێکچووە، گوتم ئەی چی بکەین؟ گوتی برۆنە نهۆمی سێیەم، چووینە نهۆمی سێیەم، باوەڕم پێبکە زێدەڕۆیی ناکەم، ئەو جارە پیاوێك دانیشتبوو، گوڵە بەڕۆژەی دەشکاند.. گوتمان ئەم نووسـراوەمان، بـۆ فۆتۆکـۆپی بکـە. گـوتی تێکـچووە.. زانکـۆی سـەلاحەددین سـاڵی 1994، سـێ ئـامێری فۆتۆکـۆپی لـە سـێ ژوور دانابوو، هەرسێکی تێکچووبوو، کەس نەبوو چاکی بکاتەوە.. شەڕی من لەگـەڵ ولاتـی خـۆم لـەو رۆژە دەسـتی پێکـرد. هەفتـەی یەکـەمی دامەزرانم بوو، هاتمە خوارەوە، سەرم سوڕما، زانکۆیەکی گەورە، سێ ئامێری گەورەی فۆتۆکۆپی هـەبێت، هـەر ئامێرەی بە (360000)هـەزار دیناری سویسری، بۆ ئەو کات زۆربوو، کەسێك نەبێت ئەم ئامێرانە چاك بکاتـەوە، ئەمـە نامەعقوولیـە لـە واقیعـی ئێمـە.. چۆن دەکرێت کاردانەوەت نـەبێت؟ کـە کاردانەوەشـت هـەبێت، دەڵـێن جنێـو دەدات.. دەڵـێن ئەمـە یـاخی بوونـە، دەڵـێن ئەمـە بزێوییـە، لەوانەیـە بڵـێن، بـێ ئەخلاقیشە، ئەمە لە کاتێکدا، کە من تەنها باسی ئەوەم کردووە، دەبێت ئەم نامەعقوولیـە نەمێنێت. ئەمـەش وای لـەمن و تـۆ و زۆرانی دیکەش کردووە، کە بەبزێو و یاخیبوو لە قەڵەم بدرێین، ئەگینا من و ئێمەمانان کەسـێ زۆر ئاسـایین، کەسـێ زۆر لەسـەرخۆ و سـادەین.. دانیـشی پێـدادەنێم، کۆمەڵگـەی ئێمـە خـەڵکی بزێـوی پێویـستە، چـونکە نووستووە، بە زەبری ئەم بزێوییە نـەبێت بەخەبـەر نایـەت، یـان زۆر جار دەبینـم خـەڵکانێك پـێم دەڵـێن، فـەرهاد تـۆ قـسەکانت راسـتە، بـەڵام شێوازەت(أسلوب)ەکەت هەڵەیە، من بە پێچەوانەی دەبینم، شێوازەکەم راستە، چونکە هـەزاران کـەس ئـەم قسانە دەکات، لـە تەلـەفزیۆن، لـە رادیـۆ، لـە رۆژنامـە، کـەس گوێیان لێناگرێت، بـەڵام ئەگـەر بـەو شێوازە بێت، کە من باوەڕم پێی هەیە، هەستەکەم زیاتر کاریگەری هەیە.

***تۆ ناونیشانی سەیر سەیر هەڵدەبژێری بۆ کتێبەکانت وەك (منداڵباز، مولازم تەحسین، زمانی حەیزەران، پەتاتە خۆرەکان و...هتد)، وێنـەی سەیر سەیریش دەگری، هێشتاش تێرنەبووی لە وێنەگرتن، حەزدەکەی ئەبو سەباح وێنەیەکت بگرێت، هـەموو ئینجێکی رۆحت بۆ زەمـانی منداڵی خرۆشابێ و لەناو کەزییەکانی عشقێك جێی مابێ؟**

—دەشێ ئەمەش پەیوەندی بەوە هـەبێت، کـە مـن بـڕوام پێـی هەیـە، ئـەوەی لـە ئـەدەبیات دەگـوترێـت و دەنووسرێت راچڵەکین بێت، هـەموو ئـەو شـتانەی مـن دەیکەم، نەخشە بۆکێشراون، کاری وردی تێداکراوە، وەك چۆن زێڕینگـر، بـە یەکـەی پێوانـەی زۆر بـچووك، پارچە زێڕێك دروستدەکات و بەیەکیەوە دەیلکێنێت، منـیش ئـاوا، کـار لـە بەرهەمـەکانم دەکـەم.. پێیـەوە ماندوودەبم، شانم پێی رەق دەبێت چاوم پێی بێهێز دەبێـت. زۆرجـاران لـە نووسـیندا هەسـتدەکەم زێڕینگرێکم، کاتێك دەنووسم زۆر وردم، حیساب بۆ هەموو وشە و رستە و دێرێك دەکەم، ئینجا دەگـەڕێم چ ناونیشانێك کاریگەری دەبێت، کامە ناونیشان زللەیەك دەبێت، یان شتێکی عەنتیکە دەبێت. ئەو هەڵدەبژێرم. زۆرجارانیش خەڵکێك هەیە پێم دەڵێت: تۆ دەتـەوێت سـەرنجی خـەڵك بـۆ خـۆت رابکێـشی.. مـن وەك خـۆم پێویستم بەوە نییە سەرنجی خەڵك بۆ خۆم رابکێشم، بەڵکو دەمەوێت سەرنجیبیان بۆ خودی خۆیان و واقیعەکە رابکێشم، ئەگینا من (مارلین مونرۆ) نیم، پێویستم بەوە هـەبێت، من دەمـەوێ سـەرنجی خـەڵك بۆ ئەوە رابکێشم کە دەیڵێم.. کە دەینووسم بۆ ئەو برینانەی خۆم، کە هی خەڵکیشە، بۆ ئـەو مەینەتیانەی هی وڵاتەکەمە، ئەمەش سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبییە.

***فـەرهاد، تـۆ لـەم ولاتـەی خۆمان، لـە وەزیـر و مـودیر عـام و ئەنـدام پەرلەمان و.. بگرە لە فەڕاش تا مودیر، تورەی.. تووڕە نا، بەڵام لێشیان رازی نیی؟**

—لەبەرئەوەی سەرتاپای کۆمەڵگە پێویستی بە ریفۆرمێك هەیە، من لـەو شیعرەی کـە بـۆ (هێربێرت مارکۆز)م نووسـیوە، هـەموو کـەس حـزب، سەندیکا، پۆلیس، رێکخراو، زانکۆ.. بانگەشـەی ئەوە دەکـەن، دەڵێن ژیانی کۆمەڵگە رێکدەخەین، راستیش نییە، زۆرجار ئیدارە ژیانی خەڵك تێکدەدات، راست ناکەن. درۆ دەکەن، زانکۆ دەڵێت ئێمە دەزگایەکی ئەکادیمیین لە پێناو زانست و مەعریفە کاردەکەین، درۆ دەکا، وانییە. زانکۆ دەزگایەکە بێکاری بەرهەم دێنێت، قوتابی دەگەیەنێتە قۆناغی دەرچوون، دوایی بێکاری دەکات، ئەو قوتابییە دەرچووی کشتوکاڵە، تاکسی ئیش دەکات، زانکۆ تەواو دەکات.. رقی لە مامۆستا و عەمید و سـەرۆکی زانکۆیە، قێزی لەو پەیوەندییە دەبێتەوە، کە لەگەڵ ئەماندا هەیەتی.. یان ئەو هەموو سەنتەرە رۆشنبیریانەی کە هـەن، بۆ مەرامی حزبی بەکاردەهێنرێن، ئەوە لە کاتێکدا سەنتەری رۆشنبیری دەبێت، وەك سـەندیکا سـەربەخۆ کاربکـات. بـە رێکخراوەکـانی قوتابیـان و خوێندکاران و سەندیکای رۆژنامەنووسانیشەوە، حزب ئەمر نەکا ئەوان ناتوانن سەربەخۆ کاربکەن، ئەوان ئەگەر بیانەوێ خۆنیشاندانێك بکەن دژی زوڵـم و زۆرداری (حـافز ئەسـەد)، دەبێـت رەزامەنـدی لـە ئاسـایش وەربگرن. ئینجا هەموو ئەوانە ژیانی کۆمەڵگە تێك دەدەن، تەنها قوتابی و خوێندکار و گـەنجان نـەبن کـە ژیانی کۆمەڵگـە تێـك دەدەن و سـەر لـە نـوێ دروسـتی دەکەنـەوە.. ئینجـا کـە تـۆ ئەمانـە دەبینـی ناچـاری تووڕەبیت.

***کاتێك له (گەلی) هاتیە دەرەوە و سۆرانت بینی، پێت وابوو گوندێکی پێنتیوم چەندبێت؟**

–من له یەکێك له شیعرەکانم وتوومە، کۆمپیوتەرێکی دوور و گوندێکی پێنتیوم چوار، ئەم دێرە شیعرەم واقیعی کوردستانە، ئەشێ (سۆران)یش بێت، هەرچەندە خۆشبەختانە دەروازەی شار کاری تێدادەکرێت، بەڵام ئەبێت دەروازەی شارێکی گەورەی وەك (سۆران)، ئەوەبێت کە هەیە، من بڕوام وایە خوێنەر زۆرباش تێدەگات، له برینی پڕ سۆی دڵم ئەم ئیماژەیەم داوەتە حاڵی زۆر له شار و شارۆچکە و ئاواییەکانی کوردستان، تورەییەکەم.. له خۆشەویستیمە بۆ وڵاتەکەم، ئەگینا من له ژیانمدا له هیندستان توورە نەبوومە، ناشتوانم تووڕەبم، چونکە مافم بەسەریەوە نییە، بەڵام دەیان جار بە هەولێرم وتووە، هەولێر.. وا، هەولێر وا.. . رۆمانی منداڵباز رەخنەیەکی توندە، تاسەر ئێسقان له ئەخلاقیاتی هەولێر. بەڵام من شاری خۆم خۆش دەوێت لەبەر ئەوە لێی تورەم، بۆ شت دەسەلمێنم تووڕە بوونەکەم له خۆشەویستییە.

***مەبەستت له تاسەکانی نێو زانکۆ چییە؟**

–سیستەمی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و ئامرازەکانی بە مەعریفەکردنی زانکۆ، پەیوەندی قوتابی و قوتابی، قوتابی و مامۆستا و ئەو گەندەڵیەی نێو زانکۆ و ئەو دەستێوەردانە حزبیەی ناو زانکۆ و ئەو سەربەخۆییەی، کە زانکۆ پێویستە هەیبێت و نییەتی، ئەمانە تاسەکانی ناو زانکۆن، جگە له کەم و کورتی ئامێرەکانی تاقیگەکانی زانکۆ و کافتریاکانی زانکۆ.. تا ساڵێك بەر له ئێستا بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە (W.C)یشی نەبوو.

ئەم بێ (W.C)ییە، واتا ئەگەر عەمید له (روسیا و ستۆکهۆلم)یش خوێندنی تەواوکردبێت، واتە تۆ بە قوتابیانت دەڵێیت بڕۆ له بن دیوار پیسایی بکە، ئەمە سوریالیزمە.. من کە ئەو قسانە دەکەم، هەیە دەڵێت (فەرهاد) سوریالیە، ئێ سەگباب خۆت سوریالی، ئەمەیە واقیعەکەت، ئایا ئەمە ئەخلاقی پەروەردەیە؟

***جڕت لێدان، یانی چی.. تۆ کە ئەگەر دیاردەیەکی نەگەتیڤ ببینی جڕت لێدەدەی؟**

–جڕت لێدان ئارامی دەروونیم پێدەبەخشێ، خۆ بەتاڵکردنەوەیە، ئەدەبیات خۆی خۆ بەتاڵکردنەوەشە، شێخ رەزا، جوێن دەدات، حاجی قادر له حەژمەتی واقیعەکە جوێن بەخۆی دەدات. من و تۆ پێویستە یاخی بوون بەنێو زمانیشماندا بڕوات، کاتێك کە تۆ گوێت لێناگیرێت بە هێمنی، کاتێك کەس وەڵامت ناداتەوە، کاتێك بایەخت پێنادرێ، کاتێك بەئەدەبەوە دەپاڕێیتەوە چارەسەری گرفتێك بکرێت و کەسیش گوێت لێناگرێت. ناچاری تووڕە دەبی، ئامرازی جنێو و گاڵتەجاری و جڕت بەکاربێنی. نابێت چیتر ئەو چەمکە سەلەفیە کۆنەی هەمانە بەرامبەر بە پیرۆزی مامۆستا بمێنێ.

***دکتۆر کورد گوتەنی باسی عەرش و قوروشت کرد، ئەگەر باسێکیش له منداڵی خۆت بکەیت بەڵام بێ پەردە، هەستناکەی ژیانی منداڵیت ئەو کاریگەرییەی ئێستای دروستکردبێت؟**

–ماوەیەکی دیکە کەپیر بووم، ئەم یاداشتانەم دەنووسمەوە، بەڵام لەبەرخۆشەویستی ئێوە شتێکی لێباس دەکەم، بەمنداڵی زۆربەی کات لەگەڵ باوکم بووم، قەساب بوو، منداڵیم زۆربەی کات لەگەڵ ئاژەڵدابوو، بەتایبەتی گوجیلە و (کەرە)، پشت رزاوەکان، له بیرمە بەشێکی دیکەی منداڵیشم بەدیار فیلمەوە بوو، تەلەفزیۆنمان کڕیبوو، زۆر حەزم له تەلەفزیۆن بوو.. سەرجەم خیتابەکانی (ئەحمەد حەسەن بەکر)م لەبیرە، سەرجەم سەردانەکانی (سەدام)م، بۆ لای بارزانی (بەرەحمەت بێت) لەبیرە. من شێتی تەلەفزیۆن بووم. زۆریش حەزم له سینەما بوو، حەفتانە دوو جار دەچوومە سینەما، دانیشی پێدادەنێم پەروەردەی عاتیفی من فیلمی هیندی بوو، ئەو فیلمە هیندیانەی له سینەما، نیشان دەدران کاریگەرییەکەی زۆرییان لەسەر عاتیفەی من جێدەهێشت، لەدوای هەر فیلمێکی هیندی من چاو بە گریان دەهاتمە دەرەوە، ئەو فیلمە هیندیانە منیان زۆر رۆمانسی دروست کرد.. منیان زۆر عاتیفی دروست کرد. تاڕادەیەك له ئاست جوانی کچ زۆر گیرۆدە و حیزانە و بچکۆڵە و لاوازبم و وەك فیلمی هیندیانە بڕوانمە ژیان، له قۆناغی ناوەندیشدا سەروسەودام لەگەڵ کتێب پەیداکرد، بەڵام له پۆلی چوارەمی ئامادەیی له گەرمەی خوێندنەوەی کتێب دابووم، لەگەڵ عارەب عوسمان فتبۆڵێنمان دەکرد له هەڵبژاردەی لاوان.



فەرهاد پیربالْ و رۆدانی کوڕی

***زۆر بە کورتی، ئەگەر سەرت بڕووتێتەوە سمێڵت بۆیاغ دەکەی؟**

–(بەپێکەنینێکی بەرزەوە) نەوەڵڵا، من باوەڕم بەوە هەیە، کە سەرم سپی دەبێت، یان دەڕووتێتەوە، مانای ئەوەیە من ژیاوم، ئەوەش دەکەمە شانازییەکی خۆم، ناڵێم دڵیشم پێی خۆشە، ناڵێم رقیشم لەوانە دەبێتەوە، کە سەر و سمێڵیان بۆیاغ دەکەن، بەڵام ئەگەر خۆم وامکرد، رقم لەخۆم دەبێتەوە.. ئەگەر منیشت دی سمێڵم بۆیاغ کرد.. پێم بڵێ درۆزن بۆ وات گوت..

***ترِو قرقێنە دوو سیمبولی نێو شیعر و نووسینەکانی تۆن، ئەتەوێ بە بەکارهێنانی ئەم سیمبولانە چی بڵێی؟**

–ترِ و قرقێنە، بەبەراود لە نێوان ئێرە و ئەوروپا، ئەگەر ئەم دوو کولتورە بەراورد بکەی، دوو واقیعی جیا دەبینی، کە پێچەوانەی یەکترن، من کەس هان نادەم ترِ بکات، یان قرِقێنە بکات، من لە شیعرەکانم وەك دوو هێما بەکارم هێناون.

***کاکە ئەوە نییە پاسەوانەکان دەتپارێزن، بۆچ بڕواناکەی ئەم پاسەوانانە دەتپارێزن؟**

–مەبەستم لەمە گوتارێکە بۆ گەنجی کورد، بەڵام من رووم کردۆتە رۆدانی کوڕم، پاسەوانەکان واتە هەموو ئەوانەی لە دەقی (بۆ ڕۆدانی کوڕم) ناوم بردوون پاسەوانن، ئێستا من و تۆ لەم ژوورە دانیشتووین، پاسەوانمان لەگەڵ نییە، لەناو مێشکمان پاسەوانێك هەیە، رەقیب هەیە پێمان دەڵێت، نابێت ئاوا بکەین، نابێت ئەمە بکەین، ئنجا کە تۆ دەچیە نێو کۆمەڵگا ژمارەی پاسەوانەکان زیاتر دەبێت، هەموو دامەزراوەکان، دەوروبەری مرۆڤ پڕە لە پاسەوان، کاتێك لەسەر شۆستە دەڕۆی و میزت دێت، کاتێك دەتەوێت دەزگیرانەکەت ماچ بکەی، یان لە بازاڕ، لەو لەحزەیەی هاوسەری خۆت، خۆش دەوێت و بەزەییت پێدادێتەوە، دەتەوێت ماچی بکەی.. نابێ. ئەمە پاسەوانە نایەڵێت، کۆمەڵگەی ئێمە



پڕە لە پاسەوان، من بەتاکەکەس دەڵێم ئەم پاسەوانانە ناتپارێزن، ئەمە داوایەکە بۆ یاخی بوونی گەنجی کورد.

***ئەگەر لە هەڵبژاردن دەرچووبایت و بووبای بە ئەندام پەرلەمان خەوت نەدەهات، یان خەوت لێنەدەکەوت؟**

–ناحەقیان نییە خەویان بێت، چونکە گفتوگۆ نییە، ئەو گفتوگۆیەی لە

## حزب، سەندیکا، پۆلیس، رێکخراو، زانکۆ.. بانگەشەی ئەوە دەکەن، دەڵێن ئێمە ژیانی کۆمەڵگە رێکدەخەین، راست نییە، درۆدەکەن، زۆرجار ئیدارە ژیانی خەڵك تێکدەدات.

کۆڕێکی بەختیار عەلی، یان شێرزاد حەسەن، یان حەمەسەعید حەسەن، یان زیرەك کەمال دەکرێت، یان لە کۆڕی گەنجێکی سەرکێش دەکرێت، ئەم گفتوگۆ گەرمە لە پەرلەمان ناکرێت. بە هەرحاڵ نازانم ئەگەر من لەوێبام خەوم دەهات، یان نا. بەڵام ئەوە دەزانم بەتاك باڵی چ نەدەکرا و باڵم دەشکا، کەوابوو دەبێت ئێمە سیستەمی دانانی ئەندام پەرلەمان هەڵبوەشێنینەوە، دانانی ئەندام پەرلەمان بەبێ پرسی خەڵك، وەك دامەزراندنی پۆلیسێکە، دەبێت حزبەکان ئەو سیستەمە هەڵبوەشێننەوە، چونکە هەڵەیە.. هەڵەیە.. هەڵەیە.. هەڵەیە. ئەمە کەی کۆمەڵگەی مەدەنیە؟.. کەی دیموکراتیەتە؟..

***لەماڵەوەشتان لەبەرامبەر (تەرزەخان)ی خێزانیشتدا، هەمان ئەو فەرهادە دەنگ دلێرەی، هیچ شیعرێکت بۆ ئەو نەنووسیووە؟**

–پێش چەند ساڵێك لە دیوانی (جوایەن) شیعرێکم بۆ (تەرزە) نووسیووە، بەڵام لەم کۆمەڵە شیعرە نا.

***پێویست نەبوو بینووسی؟**

–نا مەرج نییە، بۆ دایکیشم نەنوسیووە، بۆ تنۆکیشم نەنووسیووە.

***دایکی خۆتت بیرهێنامەوە، وەك بیستوومە پەیوەندیەکی رۆحیت لەگەڵ دایکتدا هەبووە؟**

–من زیاتر لەگەڵ باوکم بووم لە دەرەوەی ماڵ، بەڵام زۆر پابەندبووم بە دایکم، تا ساڵی (1983)ش، کە رۆیشتم دایکم وەك منداڵێك رەفتاری لەگەڵدا دەکردم، سوپاسی خودا دەکەم، کە ئەو دایکەی دامێ، چونکە من لە دایکمەوە بوومە کورد، ئەو دایکەم نەبووایە، دەبوومە منداڵە تورکمانێك، چونکە باوکم بە تورکمانی قسەی دەکرد، دوو ماڵە خوشکی باوکم هەیە، ئێستاش بە تورکمانی قسە دەکەن. لە

دایکمەوە فێرە ئەو کولتورە کوردییە بووم نەك باوکم، باوکم کولتورێکی تورکمانی بەسەردا زاڵبوو، بۆ نموونە بە تورکی پارەی دەژمارد، بە تورکی جنێوی دەدا. بەڵام لە ماڵی ئێمە کولتوری دایکم زاڵبوو.

***لە تەمەنی گەنجی و جوانی.. بە شوێن، دڵداری و هەستی ون کەوتوو نەکەوتی، ئەمەوێ لە مەیان بدوێی؟**

–(وەك ئەوەی بە نادڵی وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە)، تۆ کە ئەم پرسیارە قورسانە دەکەی، زۆری دەوێ، گەنجی و دڵداریم ماوەیەکی زۆری تەمەنمە.

***ئەی یەکەم ئەزموونی خۆشەویستیت؟**

–ئەوەی پەیوەندی بە سەرەتای ژیانی دڵداریم هەبێت، جۆرێك لە نائومێدیم بۆ دروستبوو، (ئەم دیمانەیە بۆ ئەوە نییە من بیبلۆگرافیای ژیانی خۆمت بۆ باس بکەم)، چەند ئەزموونێکی دڵداری نا سەرکەوتوو و پرچەرمەسەری هەبوو، بە هەرحاڵ..

***نامەی دڵداریشت نە دەنووسی؟**

–بەڵێ.. با، لە پۆلی چوارەم، یان پێنجەمی دواناوەندی بووم، نامەیەکم نووسی، بە هەزار ترس و لەرز دامە کچێك، کە بەبەر دەرگای ماڵمان هاتووچۆی دەکرد، دوای سێ چوار رۆژ چوومەوە سەر رێگای، ئەویش مەرد.. مەرد، ئاقڵ.. ئاقڵ، نامەیەکی نووسیبوو لە ماڵەوە خوێندمەوە، نووسیبووی مێردم هەیە و زۆریش خۆشم دەوێت، بمبوورە.ئەو لەحزەیە لەبیر ناکەم، چۆن دڵمی نەشکاند و قسەیەکی ناشیرینی پێنەوتم، شانازی بەو ئافرەتە دەکەم. زۆر خەمیشم پێیەوە خوارد، خەریکبوو خۆم بکوژم.

***بمبوورە، لەم پرسیارە.. تۆ ناترسی کەسێك تۆڵەی ئەم (زەمان) درێژییەت لێبکاتەوە و زەبرێك، لە رۆحت بدات؟**

–من ژیانی خۆم ژیاوم.. هەستدەکەم بەرای بەرای، قسەی هەڵەم نەکردووە، باوەرِم بە خودایەك هەیە لەناو خۆم، لەبەرئەوە بڕواناکەم.. ئەگەر حاڵەتێکی واش روویدا، خۆیان و ویژدانیان، بەقەد دایك و باوك، منداڵ کوڕ و کچی خەڵکم خۆش دەوێت، ئەم خاکەشم خۆش دەوێت،

## من (مارلین مونرۆ) نییم، پێویستم بەوە هەبێت سەرنجی خەڵك بۆ خۆم رابکێشم، بەڵکو دەمەوێت سەرنجی خەڵك بۆ ئەوە رابکێشم کە دەیڵێم، کە دەینووسم.. بۆ ئەو برینانەی خۆم، کە هی خەڵکیشە، بۆ ئەو مەینەتیانەی کە هی وڵاتەکەمە.

هەر قسەیەکیشم کردبێت لە پێناو بەختەوەری مرۆڤ بووە، لە دێرە شیعرێکیشدا نووسیوومە وەختێك شەقامێکیت بینی، وەختێك شۆستەیەکت بینی خوێنی مرۆڤی لەسەر رژابوو، مانای وایە مرۆڤایەتی دەیەوێ کۆتایی بەیەکتر بێنێ... من بڕوام وایە گوللە و کوشتن، چارەسەری ئەمە ناکات، من ئازادانە بیر دەکەمەوە، لەبەرئەوە



ئاسوودە دەژیم.

*** تۆ ماوەیەك پێشمەرگەبووی، ئازاری گەورەی پێشمەرگەت لە چیدا دەدیت؟**

–(ناموەوێ دیسان گرفت دروست بکەم)، پێشمەرگایەتی بەراستی ژیانێکی گوناح و کڵۆڵانەبوو، گەورەترین گرفتی پێشمەرگە بێ ژنی بوو، پێشمەرگەی نەجیبی وا هەبووە، بیست ساڵی رەبەق پێشمەرگایەتی کردووە و بۆنی ژنی نەکردووە، بەراستی ئەمە کارەساتە. رەنگە ئەگەر ئەمە بە کەسێکی خەڵکی وڵاتێکی دیکە بڵێیت، نەچێتە عەقڵیەوە، من ساڵێك لەشاخ بووم، لە یەکێتی نووسەران، پێشمەرگەکان لە من ئازاتربوون، چونکە چەکداربوون، لە شەڕدابوون، من لە یەکێتی نووسەران دانیشتبووم، پێشمەرگەکان، زۆر لەمن ئازا و بوێرتربوون. لەبەرئەوە من نالێم پێشمەرگە بووم.

***تۆ ماوەیەك لە ئەوروپا، بوویت دواجار هاتیتەوە، بورجی ئیڤل و خۆشگوزەرانی ئەوروپا نەیتوانی قەڵا رووخا و منارە شکاوەکەی هەولێرت لەبیر بباتەوە..بۆ ئەمە چی دەڵێیت؟**

–خەڵکی ئەوروپا.. دێن دەچنە ئەفریقا بۆ ئەوەی بزانن برینی، مرۆڤی ئەفریقایی چییە، دەردی مرۆڤی هیندی چییە، یان گرفتی مرۆڤی ئاسیایی چییە، ئنجا بۆ چ من هێندە بوێرنەبم خۆم ئەمە بکەم.. وڵاتی خۆمە، حەزم لێیبوو گەڕامەوە، سەگ کاتێك برینێك دەکەوێتە جەستەی بە زمانی خۆی دەیلێسێتەوە و زمانی پێدادێنێ تاکو چاك دەبێتەوە، ئێمەش دەبێت، برینی خۆمان بلێسینەوە، نەك داوێنی ئەوروپاییەکان.. لە پێناو گۆڕینی واقیعیش، دەبێت لەنێو واقعی خۆمان بین.